# مێژووی فەلسەفەو زانستی کەلام و هەڵوێستی ئیسلام

**ئامادەکردنی: هێمن عەبدولعەزیز**

Hemen_abdulaziz@yahoo.com

## پێشەکی:

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيمًا.

أمّا بَعْدُ:

فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم" وَشَرَّ الْأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة.

خۆشەویستان.. خوێنەرانی هێژاو سەنگین:

فەلسەفە یەکێکە لەو بیروباوەڕو بۆچوونانەی کە پێش ڕووداوی شتەکان دەکەوێتەوەو هەڵوێستەکان ڕادەگەیەنێت، بۆچوونێکیشە تەواوی زاناو شارەزایان لە زانستە شەرعییەکان وریاییان داوەو لەخراپەکانی خەڵکیان لێی ئاگادار کردۆتەوە.

بۆ زیاتر ئاشنابوون و بەهرەوەبوون لە فەلسەفەو بنەڕەتەکانی، زەرووره چاوێك لە مێژووی فەلسەفەو فەیلەسووفان بکەین تا زیاتر بە دروست و نادروستی بزانین!

جا حەزم کرد پێش ئەوە بچمە نێو ناوەڕۆکی ئەم باسە، سەرەتا بەرایییەکتان پێ بدەم لە مەڕ باسی مێژووی فەلسەفەو ئەهلی کەلام، پاشان هەڵوێستی ئیسلام و پێشەوایانی ئیسلامیی سەبارەت پێیانەوە، بۆ ئەوە بزانین کە لەم بابەتەدا گەڕەکمانە باسی چیتان بۆ بکەین:

ئێمە لەم دوو توێی ئەم کتێبەدا ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە دەدەین:

* چاوێك بە مێژووی فەلسەفەدا
* مانای فەلسەفە:
* پەیدابوونی وشەی فەلسەفە
* هۆکارەکانی قوڵبوونەوەی فەلسەفە لە یۆنان چی بوون؟
* قۆناغەکانی فیکری فەلسەفیی لای یۆنانییەکان
* فەیلەسووفە سرووشتییە پاشینەکان
* فەلسفەکانی ئەفلاتوون
* بەرنامە فەلسەفییەکەی
* خودا و نموونەکان لە لای ئەفلاتوون
* یەکەم: خودا لای ئەفلاتوون:
* دووەم. سرووشت لە لای ئەفلاتوون
* خودا لە دیدی ئەرستۆدا:
* سێیەم: سیفەتەکانی خوا لای ئەرستۆ
* نەفس لە دیدی ئەرستۆدا
* یەکەم: پەیوەندی نەفس بە لاشەوە
* دووەم. نەفس وێنەیەکە لە لاشە
* سێیەم. هێزی نەفس:
* چوارەم. حاڵەتە نەفسییەکان
* پێنجەم. مانەوەی نەفس
* قوتابخانەی نوێی ئەفلاتوونی
* درووستبوونی ئەم قوتابخانەیە
* ڕێبازی قوتابخانەی نوێی "ئەفلاتوون"
* فەیلەسووفەکانی ئەفلاتوونی نوێ
* چۆن فەلەسەفە خۆی گەیاندە ئەقڵی ئیسلامییەوە؟
* هەڵوێستی زاناو پێشەوایانی ئیسلامی سەبارەت بە فەلسەفە
* پشکی زانایان بۆ پێشخستنی فەلسەفە
* یەکەم: زانستی کەلام (علم الکلام)

* **دووەم: سۆفیگەرێتی**

* **سێیەم: فەلسەفەی پوخت**

* **هەڵوێستی سەلەف لەمەڕ زانستی کەلام و کەلامییەکان**

* **هۆکاری زەمکردنی زانستی کەلام و خاوەنەکانییان لای سەلەف**

ئەمەو چەندین خاڵ و باسی تر کە هەر لە ناوەرۆکی ئەم باسە بەرچاوتان دەکەوێت..

۞ ۞ ۞ ۞ ۞ ۞ ۞

**چاوێك بە مێژووی فەلسەفەدا**

ئەگەر بمانەوێ قسە لەسەر فەلسفە بکەین، ئەوە پێویستە بگەڕێینەوە سەر گرنکترین کات و ساتەکانی مێژووی ڕۆژئاوا، ئەوکاتەش بریتییە لە سەرەتای شارستانییەتی یۆنانییەکان.

بێگومان گەشونماکردنی فەلسەفەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مێژووی ڕۆژئاواو ئیسلامیی درووست کردووە، بەچەشنێ فەلسەفە پشکی زۆری هەبووە لە لادانی بیروباوەڕی نەسرانییەکان، ئەو کاتانەی کەوا دەوڵەتی ڕۆمانی باوەڕی بە نەسڕانییەت هێناوە، هەر ئەویش بووەتە هۆکارێکی گەورەی پەیابوونی زۆرێك لە تاقمە ئیسلامییەکان. ئەویش ئەو کاتە بووە کە مسوڵمانان ویستویانە کە لێك نزیك بوونەوەیەك لە نێوان فەلسەفەی یۆنانی و بیروباوەڕی ئیسلامییەوە درووست بکەن.

کەوابوو پێویستە لێرە کە قسە لەسەر فەلسەفە دەکەین ئەوە دەبێ کە قسە لەسەر مانای فەلسەفەو پەیابوونی فەلسەفەش بکەین.

**مانای فەلسەفە:**

وشەی فەلسەفە (philosophia) وشەیەکی یۆنانییە لە دوو بڕگە پێکدێت، کە بریتین لە (فیلو) واتە: خۆشەویستی، وە (سوفیا) واتە: حیکمەت، بەیەکەوە واتە خۆشویستنی حیکمەت. کاتێکیش ئەم وشەیە بەعەرەبی کراوە؛ گوتراوە فەیلەسووف، کەوابوو فەیلەسووف واتە خۆشەویستی حیکمەت، مەبەستیش لە حیکمەت بریتییە لە ناسینی ئەقڵ.

بە مانایەکی تر، فەیلەسووف ئەو مرۆیەیە کەوا بەدوای شتەکان و بنەڕەتی شتەکان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا دەگەڕێت. کاتێکیش کە ئینسان بە سرووشتی خۆی بیر دەکاتەوەو دەگەڕێت، بەم پێیە وشەی فەیلەسووف بە هەموو مرۆیەك ناگوترێ، بەڵکوو بەو کەسە دەگوترێت کە گرنکرتین ئامانجەکانی لە ژیاندا بریتی بێت لەگەڕان بە دوای شتەکان و دەرکپێکردن و ئەقڵ پێ شکاندنی شتەکان. وە ئەو کەسەیە کەوا زۆر زوو دەرك بە شتەکان بکات! بۆ ئەمەش پشتی تەواو بە بیرکردنەوەو ئەقڵ و تێگەیشتنی تایبەتی خۆی دەبەستێت!! بەردەوام لەژیاندا وا بیر دەکاتەوە وا هەنگاوان داوێت، هەتا وا ئەزانێت ئەمە کاری بنەڕەتی جموجووڵی ڕۆژانەی خۆیەتی کە ئەتوانێ بەم پێیە بەسەر هەموو کونوقوژبنی ژیانی خۆیدا زاڵ ببێت و دەرکیان پێ بکات!!

شایەنی باسە ئەو زاراوەی فەلسەفەیە بەچەند قۆناغێکدا ڕەت بووە، بۆیە تاریف و لێکدانەوەی فەلسەفە بەپێی گۆڕانی زەمان و مەکانەکان لە پێناسەکەی گۆڕانی بەسەر داهاتووە، هەروەك بەپێی جۆری فەیلەسووفەکانیش هەمدیس پێناسەکەی گۆڕاوە، لەوانە:

١. سەردەمی پێش سوقرات: بابەتی فەلسەفە لەو سەردەمەی ئەوسادا قسە کردن بوو لەسەر سرووشتەکان ، لەم ڕێیەوە هەوڵ دەدرا بۆ ناسینەوەی بنەڕەتی ئەوشتەی کە سرووشتی ئەم جیهانەی لێ پێکهاتبوو کە

هەستی پێ دەکرا، کەواتە: فەلەسەفە لەوسەردەمەی ئەوسادا گەڕانبوو بەدوای سرووشت، مەبەستەکەشی بریتی بوو لە دیار کردنی چارەنووس و مەبەست و هۆکارەکانی دەرو ناوەوەی سرووشتەکان بوو.

٢. سەردەمی سۆفستاییەکان و سوقرات: فەلەسەفە لەو سەردەمیشدا، تەنها لەجوغزی ئینسان و ناسینی حەقیقەت و ماهیەتی ئینسانەکان دەدوا، قسە لەسەر هەق و دادگەری و خێرەکان دەکرا، دیراسەکردنی پێوەری شەڕو دادگەری و خێرەکان لە ئینساندا تەنها لەسەر بنەمای ئەقڵ دا ئەنرا! بە جۆرێ هیچ پەیوەندییەکان بەهەستەکان نەدەکرد لەمەڕ ئینسانەکان کە داخوا هەستیان لە بەرامبەردا چۆنە، واتە: فەلسەفە لەسەردەمی سوقراتدا تەنها بریتی بوو لە ڕونکردنەوەو دیارکردنی ماناکانی هەق و خێر و دادگەری لە مرۆکاندا.
کەواتە پێناسەی فەلسەفە لە لای سوقرات: بریتی بوو لەگەڕان بەدوای هەقیقەتەکان بە لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، بەتایبەت حەقیقەتەکان و بنەما ڕەوشتییەکان لە خێرو لە دادگەری و لەچاکەکاندا.

٣. سەردەمی ئەفلاتوون: فەلەسەفە لەو سەردەمەدا تەنها باسی لە کرۆك و بنەڕەتی ئەو هەقیقەتانە دەکرد کە سابت و جێگیربوون و نەدەگۆڕان، کە ئەفلاتوون ناوی لێنابوو بە (عالم المُثُل)، پێناسە ئەفلاتوون بۆ فەلسەفە بریتی بوو لە قسەکردن لەسەر کارە ئەزەلییەکان، یان ناسینی هەقیقەتی شتەکان، وە ناسینی خێر لە مرۆکاندا.

(٤) سەردەمی ئەرستۆ: لەو سەردەمە فەلسەفە بریتی بوو لە ناسینی مرڤایەتی، بەمانایەکر تر، فەلسەفە کەوتبووە هەمان نازناوی زانستەوە، واتە: کە دەگوترا فەلسەفە مانای زانستی دەبەخشی! لە ژێر چەتری فەلسەفەوە هەموو زانستێکیان کۆ کردبووەوە، لەوانە زانستی مەنتیق و بیرکاری و سرووستی و ڕەوشت و سیاسەت.. هتد.
هەر لە لای ئەرستۆشەوە فەلسەفە بریتیبوو لە زانستی بیروباوەڕەکانی پێشوو کە تەفسیری سرووشتی شتەکانیان پێ دەکرد.

**پەیدابوونی وشەی فەلەسەفە**
مێژوونووسان ناکۆکن لەسەر ئەوە کە کێ یەکەم کەس بوو وشەی فەلسەفەی بەکارهێناوە، هەندێ دەڵێن کەسێ بووە بە ناوی (کریتس)، یاخود دەڵێن: ئەم وشەیە لەسەر زمانی هەندێ لە فەیلەسووفەکان درووست بووە، هەندێکیش ئەیدەنە پاڵ (فیساگۆرس ٥٨٠ – ٥٠٠ ساڵ پێش زایین) کە ئەم وشەی ناوبردووە، کە وتوویەتی: ئینسان هەرچەندە داوای حیکمەت بکات هەرناشێ کە ببێتە حەکیم، چونکە حیکمەت نادرێتە هیچ کەس جگە لە خوا، وە منیش هیچ شتێ نیم جگە لە فەیلەسووفێك (philosophia) واتە: خۆشەویستی حیکمەت، بەسە بۆ ئینسان کە حیکمەتی خۆش بوێ و بەدوای گەیشتن پێی وێڵ بێت.

هەروەها هێندێکیش دەڵێن: یەکەم کەسێك کە ئەم وشەی بەکارهێنابێت "سوقرات" و "بریکیلس" بوو کە گوتوویانە: ئێمە بێسنوور فەلسەفە دەکەین.
بەم پێیە فەلسەفە لە زۆر شوێنان سەری هەڵدا، ئەوەیە کە لە وڵاتانی یۆنانی زیاتر ناوی دەرکردووە، بەڵام سەرەتای بیری فەلسەفی، ئەوە لەسەرەتای شارستانییەتەکانی کۆن وەك شارستانییەتی میسرو فارسەکان و بابلییەکان و هیندییەکان چینییەکان بوو.
وێڕای ئەوە کە لێکۆڵەرەوان خیلافیان سەبارەت بەسەرەتای درووستبوونی فەلسەفە هەیە، بەڵام تێکڕا پێیان وایە کەوا فەلسەفەی یۆنانی ناخوو ڕەگوریشاڵی زیاتر  داکوتاوە، دەرگاکانی فەلسەفە لەوێ فراوانتر و پانترو ورتر بوونە لە شوێنانی تر. وەك دەڵێن: قاچی فەلسەفە لەسەر دەستی "ئەفلاتوون" و پاشان "ئەرستۆ" لە زەویدا داکوتراوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە (واتە: هۆکاری ئەوە کە فەلسەفەی یۆنان قووڵترو ورتر بووە) ئەوە چەند هۆکارێك لەئارادا بوون بۆ ئەوە، ئەویش پانتایی و بەرفراوانی بیری فەلسەفی بوو لە یۆنان..

**هۆکارەکانی قوڵبوونەوەی فەلسەفە لە یۆنان چی بوون؟**
وەك باسمان کرد کەوا فەلسەفە لەچەندین شوێنەوە سەریان هەڵدا، بەڵام بۆچی زیاتر لە یۆنان زەقتر و قوڵتر بوویەوە؟ هۆکارەکان ئەمانەی خوارەوە بوون:
**(١) هۆکاری جوگرافیی:**
ئەو پێگە جوگرافییەی کە وڵاتانی گەورەی یۆنان هەیانبوو کە بەدرێژایی دەریای سپی ناوەڕاستی دەگریتەوە کە بە بێشکەی شارستانییەتەکان ئەژمار دەکرا بەجۆرێ کە باوەشی بە سێ کیشوەردا دەگرت، کە بریتییە لە کیشوەرەکانی ئەورووپاو ئاسیا و ئەفریقیا، کە هەڵبەت ئێستاش هەر وایە.

**(٢) هۆکاری مێژوویی:**
بوونی تیرەو شارۆچکەو دوورگەکانی  یۆنان، بەڵگەی ئەوەبوون کە ئەم وڵاتە پان و بەرینە لەسەردەمی تارییکیدا چەندە لەبەریەك ترازاوو لێکدابڕاوبووە، بەتایبەت کە دەمانبینی کە هەندێ لە شارو شارۆچکەو تیرەکان وەك حکوومەتێکی سەربەخۆ مامەڵەیان دەکرد و مشووری کاری خۆیان دەخوارد. ئەم حاڵەتی لێکدابڕان و دابڕدابڕبوونەش تا ساڵی (٨٠٠٠) ی پێش زایینی درێژەی هەبووە.. بەڵام لە دواییا ئەو دەڤەرە پان و بەرینە لە شارستانییەتی یۆنانی نوێدا لاپەڕەی نوێی هەڵدایەوە و کەوتنەوە ژێر یەك دەسەڵات و قەلەمڕەویی.

**(٤) هۆکاری ئابووری:**
گەشونماکردنی یەکەی کشتوکاڵی و ڕاوی دەرایی و گەشەکردنی پێشەسازی دوای دۆزینەوەی ئاسن لەو دەڤەرەدا هۆکاری پێشکەوتنی بازرگانی ناوەخۆیی و دەرەوە لە ڕێی وشکایی و دەریاییەکانەوە بوو، بە

تایبەت دوای بەکارهێنانی پارەی کانزایی لەدەروبەری سالآنی (٧٠٠)ی پێش زایندا.. دیارە پێشکەوتنی بازرگانیش پەیوەندی زۆری بە پێشکەوتنی زانیاریشەوە هەیە، واتە لەگەڵ سەرهەڵدانی پیشەسازییەکان حسێب و قەڵەم هاتنە کایە، بەجۆرێ حسێب و ژمێرياریيەکان هۆکاری پەیوەندی بەستنی بازرگانییەکان بوو لە ناوەوە دەرەوەی وڵاتانی یۆناندا لەگەڵ یەکدا.

**(٤) هۆکاری کۆمەڵایەتی:**

سێ لایەن ئەوساکە پێشبڕکێیان لەسەر کورسی حوکمڕانێتی دەکرد، کە بریتی بوون لە جوتیارەکان و پیشەسازەکان و بازرگانەکان.

**(٥) هۆکاری سیاسیی:**

پەیابوونی ومامڕەسەی دیموکڕاسی، لەگەڵیشی باڵی دیمکوڕاسی لە چوارچێوەی چینی خاوەن بەندەکان لە (ئەریستۆقرات و بازرگانەکان) هۆکارێکی تر بوو، ئەمەش بووە هۆکاری کێشمەکێش و ناکۆکییە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و ئاڕاستە فیکرییەکان و ڕۆشەنبیرییەکانی وڵات، بەمەش چەندین دەرەنجامیان بەدەستهێنا، لەوانە:

– لابردنی هەرچی زوویی هەموو ئەو پەیوەنییانەی کەلەسەر بنەمای ئایین درووست ببوون، پاشان داڕشتنەوەی لەسەر تەشریعاتەکانی (سۆلوون). (سۆلون: پیاوێکی ئیغریقی بوو کە لەنێوان هەردوو سەدەی شەش و حەفت پێش زایینی "٦٤٠-٥٦٠" ژیانی بەسەر بردووە، ئەو لەبەر ئەوە کە شاعیر و حەکیمێك بوو لە حەکیمەکانی یۆنان، جگە لەوە کەسیاستەونێکی بەناوبانگ و بەتوانی ئەو سەردەمە بوو، خەڵکی ئەسینا بە حاکم هەڵی دەبژێرن، ئەویش دەوا ئەوە کە دەسەڵاتی دەکەوێتە دەست هەڵدەسێ بەچاکسازییەکی زۆر بەناوی ئەو تەشریعەی کە هەرخۆی دایڕشتبوو! !).

– بەرزبوونەوەی ئاستی کشتوکاڵ لەماوەی حوکمی "ئەبایستراتۆس" لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی پێش زایینی لە ناوچەی ئەسینادا.

– شۆڕشی دیموکڕاسی لەساڵی (٥٠٦)ی پێش زایین بەسەرکردایەتی "کلایستینس" و ڕوخانی تەواوی چینە ئاینییەکان، لەگەڵیشیدا پەیوەندییە تیرەگەرییەکان.

– وەرچەرخانی بنەمای یارییە سیاسییەکان بۆ بنەمای گشتییە فیکرییەکان تا ئەو بنامە گشتییە پێشکەوت بۆ فیکرە فەلسەفییەکان.

**(٦) هۆکاری ڕۆشەنبیری و فیکرییەکان:**

کۆبوونەوەی کەلەپووری مێژوویی یۆنان لەهەردوو ئەفسانە یۆنانییەکەی "ئیلازا و ئۆدیسا" کە بۆ لای "هۆمیرۆس" لەدەروبەری ساڵی (٨٠٠ی پێش زاین) دەگێڕدرێتەوە.

داستانی "ئیلاز" کە باس لە چیرۆکی شەڕی "توروادە" دەکات، لەگەڵ داستانی "ئۆدیسا" بە گرنکترین داستانی شیعری ئیغریقی دادەنرێت، ڕووداوەکانی "ئیلازاو ئۆدیسا" لەدەروبەری بەناو خوایەتی بەشەر و کێشەکانی ئەسینا و "ئیسباریتە" دەخولایەوە، کە "هۆمیرۆس" بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێز دەیخستە ڕوو، وە تێیدا ئاماژە بەوە ئەدات کە مرۆکان ویستێکی ئازادییان هەیە کە هەر خۆیشیان دەتوانن کە بڕیارەکانی خۆیان بدەن و تاوانەکانی خۆیان لە ئەستۆ بگرن، وە هەردوو داستانەکەش یەکتریان تەواو دەکرد.

**(٧) پێشکەوتنی زانستیی:**

گرنکترینیش لەو پێشکەوتنە زانستییە بریتی بوو لە سەرهەڵدانی حسێب و بیرکارییەکان، کە هەر ئەمەش بوو کارگەری لەسەر درووست بوونی فیکری فەلسەفی درووست کردو وای لە ڕۆشەنفیکران کرد کە ڕووی تێ بکەن و باوەش بە فەلسەفەوە بگرن.

**قۆناغەکانی فیکری فەلسەفیی لای یۆنانییەکان**

سەرەتای فیکری فەلسەفیی لای یۆنانییەکان بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، فەلسەفەی یۆنانی بەچەند قۆناغێکدا ڕەت بوو، لەهەر قۆناغێك لەگەڵ قۆناغەکەی تر جێی پەنجەی جیا لەوی تر لە ڕووی فیکری فەلسەفییەوە جێهێشتووە.. بەم جۆرە دەتوانین فەلسەفەی یۆنانی بەچەند قۆناغێك دابەش بکەین:

(١) فەلسەفەی یۆنانی پێش سوقرات

(٢) فەلسەفەی سەفستائییەکان و سوقرات

(٣) فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرستۆ

(٤) فەلسەفەی قوتابخانەی ئەسکەندەرییە کە "ئەفلۆتوون" نوێنەرایەتی دەکرد.

**قۆناغی یەکەم.** فەلسەفەی یۆنانی پێش سوقرات:

بابەتی ئەم قۆناغە بریتی بوو لە سرووشتناسی و قسەکردن لەسەر سرووشت، ئەم قۆناغەشیان بەچەند قۆناغێکدا ڕەت بوو، کە هەر قۆناغەو تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەبوو سەبارەت بە قۆناغەکانی تری، لەوانە:

١. ئەو قۆناغەی کەوا قوتابخانەی یۆنانی لەسەر دەستی فەیلەسووفەکانی سرووشت لەسەرووی هەمووانە "تالیس" نوێنەرایەتی دەکرد.

٢. ئەو قۆناغەی کەوا قوتابخانەی "فیساگۆریس"ی بەڕێوەی دەبرد ئەویش لەسەر دەستی "فیساگۆرس"ی فەیلەسووفەوە بوو.

٣. ئەو قۆناغەی کە فەیلەسووفەکانی "ئیلیۆن" لە بەناوبانگترینیان "بارمەنیدس" بەڕێوەی دەبرد.

٤. ئەو قۆناغەی کەوا سرووشتناسە پاشینەکان بەڕێوەیان دەبرد، لە بەناوبانگترینیشیان "دۆموقریت" بوو.

شایەنی باسە هەموو ئەو قوتابخانانەش بەم شێوەبوون:

- **قوتابخانەی یۆنانی (سرووشتییەکانی یەکەم):**

ئەو قوتابخانەی سرووشتییە یەکەمە: یەکەم قوتابخانەیە کە تێیدا فیکرێکی فەلەسەفی ڕێکخراوی لە نێو وڵاتانی یۆنان درووست کرد، ئەو قوتابخانەیەش لە ناوچەکانی "ئایۆن" لە ئاسیای بچووك لە کەناری دەریای سپی ناوەڕاست ڕەگی داکوتا، سەرکردەکانیش بریتی بوون لە "تالیس و ئەنیکسمەندەر و ئەنیکسمنس و هیراقلیتس"

**تالیس**: پێی وابوو کەوا ئاو بنەڕەتی هەموو شتێکە، هەروەك پێی وابوو کەوا ئاو هۆکاری هەموو بوونێکە، هەر لەوەوە شتەکان درووست بوون و هەر لەویشەوە کۆتاییان پێ دێت. وە پێی وابوو کە ئاو بۆ هەموو شتێ گونجاوە، وەختێ کە بەستی زەوی لێ پێکهات، کاتێ کە وشکیش بوو هەوای لێ درووست بوو، وە لە پوختەی هەواکانیش ئاگر درووست بوو، لە هەڵمی ئاوەکانیش ئاسمان درووست بوو، وە هەر لە گەردیلەی ئاوەکانیش ئەستێرەکان درووست بوون، پێوەریش بۆ ئەو قسانەی ئەوەیە کە تەواوی ئاژەڵەکان بنەڕەتی درووست بوونیان مەنییە، بۆیە پێویست دەبێ لەسەرمان کە بڵێین مەبدەئی هەموو شتەکان شێ (الرطوبة)ەیە.

دەکرێت کە بڵێین: کەوا ئەوە فیکرەیەی تالیس سەبارەت بە بوونەوەر دەگەڕێتەوە سەر ئەفسانەکانی بابلییەکان و میسرییەکان، کە لەسەر بنەمای بوت و بوتپەرستییەکانەوە ئەم جۆرە فیکرەیان لا گەڵاڵە ببوو.

"ئەنیکسمەندەر"یش پێی وابوو بەهیچ جۆرێك ناگونجێ کە ئاو سەرچاوەی هەموو بوونەوەر بوبێت! بەڵکوو ئەو پێی وابوو کەوا هەموو شت بۆ هەمووان لاشەیەکە کۆتایی نییە، بەڵام ناوەرۆکەکەی ئاشکراو دەستنیشان نەکردووە، هەروەك ئەو لاشەیە لەکۆمەڵێ شتی دژ بەیەك لە درێژی و لەکورتی، لە بچووك و لەگەورە، لەگەرم و لەسارد پێکهاتووە.. هتد

هەروەها دەڵێت: هەموو ئەوشتانە لەیەك شت دەستیان پێ کردووە، وە بە کرداری پێشکەوتن و بزاوتنی ئەو شتە، لێکترازان و پێکەوە لکانی چەند شتێك سەریان هەڵداوە، ئینجا هەموو ئەوشتە لێکدابڕاوو بەیەکلکێنراوانە سرووشتیان درووست کردووە، هەموو ئەو گۆڕانکارییەش بە ڕێکەوت بوون، وە هیچ مەبەستێکیش لە پەنادرووست بوونی ئەم سرووشتە نەبووە!!

"ئەنیکسمانس"یش قسە لەسەر خوای ئەزەلی دەکات کە نە سەرەتای هەبووە نە کۆتا، وە ئاگاشی لەهەموو درووستکراوانی هەبووە، وەهیچ شتێك وەك ئەو نەبووە، بەڵام ئەشێ هەموو شت بە وێنەی ئەو جوان بووبێ، هەموو شتێکی نوێش کە دەردەچێ وێنەی ئەو هەڵدەگرێ!!

هەروەها پێی وایە کەوا بنەڕەتی بوونەوەر هەوا بووە، وە هەر هەوا یەکەمینی بوونەکان بووە، هەر لە هەواشەوە هەموو جیهان درووست بووە، هەر لەویشەوە شتەکان درووست ئەبن، ئەگەر هەوا جووڵایەوە ئاگر درووست دەکات، بۆیە هەر لەهەواوە هەمو ئاگرێك درووست دەبێت، وەك ئەستێرەکان و هەسارەکان، ئەگەریش هەوا چڕ بوویەوە ئەوە ڕەشەباو هەورو باران درووست دەبێت، ئینجا باران توند دای ئەگرێ هەر لەو توونده بارانەشەوە خاکو خۆڵ و تاشەبەردو شاخەکان درووست دەبێت!!!

هەرچی "هیراقلیتیس"شە، ئەو پێی وایە کەوا ئەسڵی بوونەوەر ئاگرە، بەڵام مەبەستی ئەو گارە نییە کە شتەکان دەسووتێنێ، بەڵکوو پێی وایە کە ئەو ئاگرە ئاگرێکی زۆر جوانی خوداییە!

دەڵێت: مەبدەئی بوونەکان ئاگرە، کاتێ کە چڕ دەبێتەوەو ئەوە زەوی درووست دەکات، کاتێکیش کەڵەکە ئەبێت ئاوی لێ پێکدێت، کاتێکیش کە ئاوو ئاگر بەیەکەوە کۆ دەبنەوە ئەوە هەوا درووست دەکەن.

گۆڕانکارییەکان بەدوو شت ئەبن، ڕێگەی بڵندو ڕێگەی نزم، کاتێك کە ئەم دوو تەوژمە بەرامبەر یەك دەوەستن، ئەوە ئاژەڵ و رووەکەکان درووست دەبن..!!

- قوتابخانەی فیساگۆرسی و تیۆرە فەلسەفییەکەی:

ئەو قوتابخانە پێیان وایە کەوا بنەڕەتی بوونەوەر بریتییە لە ژمارە، چونکە بە جیهانی ژمارە دەچێت، جیهانی ئاو، جیهانی ئاگر، جیهانی هەوا، وە پێیان وایە کە خوا یەکەم شتێ کە دروستی کردبێت ژمارەیە!! یەکەمی ژمارەکانیش ژمارە یەکە، بۆیە مەبدەئی ژمارەکان بریتییە لە توخمی شتە بووەکان (عناصر الموجودات)، چونکە بووەکان ژمارەن، پێیان وایە کە دونیا وەك ئاواز وایە کە لە دانەدانەی ژێکانی ئامێری مۆسیقاوە (اوتار الموسیقی) پەیا دەبێت، ( بۆنموونە) هیچ ژێیەك لە ژێکەی تر جیا ناکرێتەوە، بەڵام بەهەمووان دەنگێك درووست دەکەن! دەی جیهانیش لەسەر ئەو بنەمای ژمارە ڕۆنراوە! بەجۆرێ شتەکانی هیچ لەیەك ناوێردرێن تەنها بە ژماردنیان نەبێت! بۆ نموونە درێژتر لە کورتر و گەورتر لە بچووکتر بە بوونی ژمارەیان لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، نەك بەشتێك لەدەرەوەی ژمارەکان!!

وە دەڵێن: ژمارە بنەڕەتی هەموو بوونەوەرێکە، ژمارە یەك بریتییە لە پنت و ژمارە دوو بریتییە لە هێڵ و ژمارە سێ بریتییە لە تەختایی و ژمارە چوار بریتییە لە لاشەو ژمارە پێنج برتییە لە سیفەتی ماددەکان و ژمارە شەش بریتییە لە ژیان و ژمارە حەفت بریتییە لە ئەقڵ ... هتد!!

- **قوتابخانەی "ئیلییە" یان ئیلیانییەو ڕێبازە فەلسەفییەکەی:**

ئەو قوتابخانە لە شاری ئیلیا لە لێواری باشووری ڕۆژئاوای ئیتاڵیا درووست بووە، سەرکردەکەی "ئەکزینوفان"، بارمەنیدس کە نێوان سەدەی شەش و نیوەی یەکەمی سەدەی پێنج ژیاوە دەڵێت: "ئەکزینوفان" بەناوبانگترین فەیلەسووفەکانی ئەم قوتابخانەیە.

ئەو قوتابخانەیەش پێی وابوو کەوا بنەڕەتی بوون؛ هەربوونەکە خۆیەتی، هیچ شتێ لەبوونەوەر نییە تەنها ئەو هەقیقەتە نەبێت، ئەویش بریتییە لە هەقیقەتی بوون، ئەگەر بمانەوێ کە وەسفی ئەو بوونە بکەین ئەوە

ناتوانین بەهیچ شتێ وەسفی بکەین ئەوە نەبێ کە بڵێین: بوون هەر بوونە! هەر لەو مەبدەئەوە شتەکان دێنە بوون، شتەکانی بە ئەندازە گیری لەیەکتر هەڵدەوێردرێن.
شایەنی باسە ئەوەی کە پاڵنەری ئەوەل و ئەخیری ئەو قوتابخانەیەشە تەنها ئەقڵە! ئەوان گرنگیان لە بارەی بنەڕەتی جیهانی ڕۆحەکان داوە، کەمێکی زۆر کەم نەبێت کە گرنگیان بە بنەڕەتە ماددیەکان دابوبێت.

**فەیلەسووفە سرووشتوانە پاشینەکان:**

(کە بریتی بوون لە فەیلەسووفە گەردیلەییەکان، بەناوبانگترینیان سێ فەیلەسووف بوو، کە بریتی بوون لە "دیموقریتس" و "ئەنبادقلیس" و "ئەنکسگۆراس" هەروەها لە دواییا پێیان گوترا فەیلەسووفە سرووشتوانییە پاشینەکان.
فەیلەسووفە سرووشتوانە پاشینەکانیش پێیان وایە کە بنەڕەتی جیهان وردیلەیە، وە بە بوون و لە بەینچوون (الوجود والعدم) تەفسیری دەکەن. دەڵێن: جیهان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، شتەکانیش لەسەرەنجامی کەڵەکە بوونی وردیلەکان درووست بوونە، وە فەساد و لەبەینچوونی ئەو شتانەش لەسەرەنجامی لێکدوورکەوتنەوەو لێکترازانی بوونەوەی گەردیلەکان ڕوو دەدەن، بەم شێوە هەموو شت لە بوونەوەر لەسەر ئەو بنەمایە دەگوزەرێت.
هەندێ ناویان لە خاوەنی ئەم جۆرە بیرکردنەوە ناوە بە سرووشتوانییەکان، چونکە دەڵێن: ئەوان لە ڕێبازێکی ماددی ڕووتەوە دەستیان پێکردووە، یانی گەڕانی سرووشتیی، وە بۆ ئەوە کە لە سرووشتوانەکانی کۆن جیا بکرێنەوە" فەیلەسووفەکانی (ئایۆنا) ناویان لەوان ناوە بە سرووشتوانییە دووەمەکان.
کاتێك کە ئەو قوتابخانەیە هەست بە گرانی و ئەستەمی تێگەیشتن دەکەن لە بزووتنەوەی وردیلەکان لە دەمی درووست بوونی شتەکان یان لەبەین چوونیان، ئەوە هەندێ لە شوێنکەوتووانی ئەو مەدرەسەیە بیریان بۆئەو لایەنە بردووە کە دەڵێت: بزووتنەوە ڕاستەوخۆکان و زاتییەکانی وردیلە لەسەر بنەمای یاسای ڕاکێشان و موگناتیسی هەڵدەسووڕێن، کە هەندێ گەردیلە بەهەندێ گەردیلەوە ئەلکێن، بەم شێوە کۆبوونەوەی وردیلەکان و لێك دابڕانیان لەیەك لەسەر بنەمای ئەو یاسایە (یاسای ڕاکێشان و موگناتیسی) بە شێوەی ڕێکەوتەوە ئەبن!!
هەندێکی تریش دەڵێن: هەر ئەبێ لە تەك هەر وردیلەیەك لەم وردیلانە وردیلەی تر هەبن (وردیلەی رووحی یان ئەقڵی) کە خاسیەتی هەڵسوڕێنەر و جێبەجێ کردنی کاروبارەکانی لە ئەستۆ بێت.

**قۆناغی دووەم. "سوفستائییەکان" و "سوقرات":**

**یەکەم: سوفستائییەکان:**

لەم قۆناغەدا دەبینین کەوا بابەتی فەلەسەفە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمجارەیان لە جێی بوونەوەرو سرووشتە هەستپێکراوەکان تەنها لەدەوروبەری ئینسانەکان دەسووڕێتەوە، لێرەدا سوفستائییەکان لە فەلسەفەی سرووشتی وەرچەرخان بۆ فەلسەفەی ئینسان، چونکە گەیشتنە ئەو بڕوایە کەوا گەڕان بەدوای جیهانی سرووشتی نایانگەیەنێتە هیچ شتێ!!

**هۆکاری درووست بوونی ئەم جۆرە فەلەسەفەیە:**

دوای فەیلەسووفە سرووشتییەکانی دووەم، چەندین ڕووداوو پێشهاتی سیاسیی ڕووی لە کۆمەڵگەی یۆنانی کرد، تا ئەم پێشهات و گۆڕانکارییە بەگرنك هاتە کایە تا وای لێهات کاریگەرییەکی خراپی لە ژیانی ئایینی و ڕەوشتی و سیاسیی لە وڵاتانی یۆناندا درووست کرد!! گرنگترین لەو پێشهاتانە پەیابوونی شەپۆلی ئیلحادی و بێباوەڕی بوو تا گەیشت بەوە کە نکوولیان لە بوونی خوادا کرد! وایان تێڕوانی کەوا بەهیچ جۆرێك خوا شیاوی پەرستن و بەرزڕاگرتن و پەرستن نییە!! ئەم بیرو بۆچوونەش بە پانتاییەکی بەرینی وڵاتانی یۆنان پێشوازی لێکرا!

لەسەرەنجامی ناکۆکی فەیلەسووفەکان سەبارەت بە ڕاگەیاندنی بنەچەی بوونەوەر و ناچوونیەکی قسەکانیان وای لەخەڵك کرد کە بەدگومان دڕدۆنگ بن هەتا لە ڕاستییەکانیش، لەم نێوەندا کۆمەڵێ فەیلەسووف پەیا بوون بە ئاشکرا ڕەخنەی خۆیان ئاراستەی بیروبۆچوونی فەیلەسووفەکانی پێشوو دەگرت، تا ئەم بازنەی ڕەخنەگرتنە فراوان بووەوە تا وای لێهات گومان جگە لە ڕاوبۆچوونەکانی فەیلەسوفەکانی پێشوو بکرێت هەتا گومانیان لە بۆچوونە ئایینییەکان و ڕەوشت و ئاکارەکانی ئینسانیش لەژیاندا کرد، بەم جۆرە گومانیان لە هەموو شتێکا بۆ پەیا بوو!!!

هەر بەم شێوە کاتێ کە لەسەردەمی "سوفتائییەکان" هۆکاری نیزاع و ناکۆکییەکان لەبەردەم دادگا لە بوارە سیاسییەکاندا سەریانهەڵدا، ئەو دەم دەرگای گفتوگۆو هوونەری ئاخاوتن و ڕووبەڕووبوونەوەکان کرانەوە، دیارە بۆ زاڵ بوون بەسەر خەسم و نا بەرامبەرەکانیش پەنایان بۆ باشترین هۆکار برد ئەویش گفتۆگۆو ئاخاوتن و ڕووبەڕووبوونەوەکان بوو.

لەم کەشوهەوای ئیلحادو بێ باوەڕییەشدا بازنەی ڕەخنەو گومانەکان فراوانتر بوونەوە، جا لەو نێوەندەدا کۆمەڵەی "سووفستائییەکان" پەیابوون و بوون بە ئاوێنەیەکی بێگەردی ئەو سەردەمە!!

**مەزەبی "سووفستائییەکان"**

سوفستائییەکان پێیان وایە کە هیچ شتێ نییە هاوتا بێت لەگەڵ ئەقڵ، بەڵکوو مرۆکان خۆیان هەموو شتن، هەر شتێ بەهەق بزانن، ئەوە هەقە، ئەوەیش بە ناهەقی بزانن ئەوە ناهەقە، بەو مانایە درووشمی "سوفستائییەکان" بریتییە لەوە کە ئینسان هەموو شتێکە، یان هەقیقەتەکان ڕێژەیین.

کاتێك قسەوگفتۆگۆ گرنگترین ئەو زانیارییانە بێت کە ڕێگە بۆ مرۆڤەکان خۆش دەکەن تا لە ژیانی سیاسی سەرکەوتوو بن، ئەوە "سوفستائییەکان" بەوە دەرکەوتن کە گەنجەکانی ئەسینا بەوە هان ئەدەن کە خۆ

بگەیننە دەسەڵات و بەشدار بن لە کاری سیاسیی، بۆیە لەوێ ڕۆژێوە خەڵکیان بە پارە بۆ بەهرەمەند بوون و شارەزابوونیان لە بوارە سایسییەکانەوە فێر دەکرد، بۆیە هەر یەك لە سوفستائییەکان" لە کاریَ لەکارەکاندا پسپۆریان وەرگرتبوو و پێی بە ناوبانگ ببوون، بەشێکی ژیانی خۆیان بۆ ئەوە تەرخان دەکرد. بەم جۆرە "سوفستائییەکان" بنەمای ڕەوشتیان لەم وڵاتە تێکدا بەوە کە نکوولیان لە خوایەتی دەکرد، تا گەیشت بەوە کە نکوولیان لە هەقیقەتی هەموو شتەکان دەکرد!! وە دەیانگوت: ئەو شتانە هیچی لە ئارادا نین، ئەوەی کە هەیە لە ئەندێشەو خەیاڵ هیچی تر نییە، بەم جۆرە هەموو بنەما هەقەکان شکێنران و خەڵکی بوون بە چەندین تاقم و پێڕی جیا جیاوە.

**بەناوبانگترین فەیلەسووفەکانی سوفستائییەکان**

بەناوبانگترینیان ئەمانەی خوارەوە بوون:

**یەکەم:** "بروتاجوراس" (٤٨٤–٤١٠ پێش زایین)

"بروتاجوراس" لە باوبانگترین فەیلەسووفی سوفستائییەکان بوو، وە ڕاو بۆچوونەکانی ببوون بە سەرچاوەیەك بۆ ڕێبازی فەیلەسووفەکان، "بروتاجوراس" کتێبێکی دانابوو بە ناونیشانی (هەقیقەت) لەو کتێبەدا گومان ئەخاتە سەر بوونی خوا، وە لەوێ ئینسان بە پێوەری هەموو شتێك لێك ئەداتەوە، هەروەها پێی وابوو کەوا هەستەکان تاکە وەسیلەن بۆ پەیبردن بە شتەکان، هەر شتێکیش کە پەی پێنەبرا ئەوە بوونی نییە!! هەموو هەستەکانیش پێنج شتن کە بریتین لە: (تامکردن و بۆنگردن و بیستن و کوتان و بینین) کەی پێیان دەگوترێت: (الحوائس الخمسة)، واتە: پێنج هەستەکە، کاتێکیش کە خوا بەم پێنج هەستە هەستی پێناکرێت، کەواتە: هیچ خوایەك لە ئارا دانییە؟!!!

هەروەها لە کتێبێکی تریدا دەڵێت: من ناتوانم بزانم کە خوا هەیە یاخود نا.

(بڕوتاجوراس: لە شاری ئەبدیرا لە دەروبەری ساڵی ٤٨٠ ی پێش زایین لە دایك بووە، هەموو یۆناندا گەڕاوە، تا پاشان لە ئەسینا نیشتەجێ بووە، کتێبێکی نووسیبوو بەناونیشانی "هەقیقەت". بڕوتاجوراس؛ کاتی خۆی فەرمانی لە سێداردانی بۆ دەرچووبوو، دوای ئەوە کتێبەکانیشی هەموو سوتێنران بەڵام ئەو توانی کە ڕابکات، پاشان لە ژوورە تایبەتییە نهێنییەکەی خۆی لە ساڵی ٤١٠ی پێش زایین دەمرێت).

بۆچوونە فەلسەفەکانی:

١. هیچ شتێ نییە کە هەقیقەتی ڕەها بێت، بەڵکوو هەقیقەتەکان بە پێی چەندێتی کەسەکان و ناکۆکی نێوانیان دەگۆڕێن.

٢. پێی وا نییە کە هیچ هەڵەیەك ڕوودات، چونکە ڕەنگە ئێمە بیرمان بە لای شتێکدا بچێت بە خیلافی ئەو بۆچوونانەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هەمان بووە. بۆیە هەق لە چەندێتی دایە.

٣. تاکەکان پێوەری هەق و شەڕو دادگەری وستەمن.

دووەم. "جورجیاس" (٤٨٠ – ٣٧٥ پێش زایین)

"جورجیاس" کتێبێکی نووسیوە بە ناونیشانی (بوونی نییە) لەو کتێبەدا کەچەند ڕستەیەکی وروژاندووە کە دەڵێت: هیچ شتێك لە ئارادا نییە، ئەگەریش هەبێت ئەوە مرۆکان ناتوانن کە دەرکی پێ بکەن، بۆ نموونە ئەگەر واماندانا کە مرۆڤ هەستی بەشتێك کردووە، بەڵام ناتوانێت کە ئەو شتە بەهیچ کەسێ بگەیەنێت! !

**تاقم و پێڕەکانی سوفستائییەکان:**

(سوفستائی: ئەوانەن کە هەقیقەتی شتەکان ناسەلمێنن، سوفستائیش لە دوو وشە پێکهاتووە، (سوفیست) بە زمانی یۆنانی واتە: فێرکار، هەروەها (سەفەستە)، واتە: سەرەتای کارەکان، ئەوان خۆیان بە شارەزابوون بە بنەماکانی بەلاغەو دیراسەی مێژوو و هوونەری سرووشت و ناسینی هەقیقەتەتاك خەریك کردبوو، پاشان کارەکانیان لە چوارچێوەی جەدەل و سووربوون بەسەر زاڵ بوون بەسەر شتەکان کورت هەڵێنایەوە، بە بێ ئەوە کە خۆشیان پابەند بن بەهەق و بە شتە چاکەکانەوە، ئێستاش وشەی "سوفستائی" هاوتایە لەگەڵ مانای گومڕاکردن و فێڵ و تەڵەکەکان).

سوفستائییەکان بەگشتی ئەبن بە سێ بەش:

١. نازانمە (اللاأدرية – Agnosticism): ئەمانە ئەوانەن کە باوەڕیان بەوە هەیە کە مەحاڵە خوا بناسرێت! ! گەیشتنیش بەم باوەڕە لە چوارچێوەی ژیانی مرۆکاندا بەرجەستە دەبێت، لەقسەکانیان دەڵێن: ئێمە لە گوماندا ین وە لە گوماندا ین، هەتا گومانیان لە ئێمە هەیە) بۆیە بەمانە دەڵێن: گومانبەرەکان بە هەق!

٢. نکوڵییەکان (العنادية): ئەمانەش ئەوانەن کە دەڵێن: هیچ شتێکی ڕاستەخۆ و نا ڕاستەوخۆ لە ئارا دانییە، تەنها ئەو شتە نەبێ هەیە کە هێزەکان یان ئەقڵەکان موعاریزی دەبن یان بەرهەڵستی دەکەن! !

٣. لە لابووەکان (العندية): بۆیە وایان پێ ئەڵێن: چونکە وا ئەبینن کەوا هەقیقەتەکان هەقن لای ئەو کەسەی کە هەقی لە لایە، وە ناهەقن لای ئەوانەی کە ناهەقیان لایە، وە پێیان وایە کە مەزەبی هەموو گەلێك هەقە بەو پێوەرەی کە لای ئەوانە، وە ناهەقە بە پێوەری ئەوانەی کە دژی ئەوەستنەوە.

لێرەدا شێخ "ئەحمەد شاهین" دەڵێت: "سوفستائییەکان" سێ بەشن کە بریتین لە (العِندية، والعنادية، واللاأدرية)، (عیندییە): پێیان وایە کەوا هەقیقەتی شتەکان پەیوەستن بە بیروباوەڕی بڕوادران، چونکە ئەوان پێوەری هەقیقەتەکانن، هەروەها (عینادیە): پێیان وایە کە هیچ هەقیقەتێك لە بوونەوەردا نییە، نە لەزاتی بوونەوەرەکە خۆی نە پێوەرێك بۆ ئەو بوونەوەرە، ئەوە نەبێت کە باوەڕداران باوەڕیان پێی هەیە، بەڵام هەرچی (لا ئەدرییە): ئەمەش لەسەر ئەو حوکمە دەوستێت کە لەسەر شتەکان دەدرێت.

هەروەها "شێخ عەبدولقادر بەدران" دەڵێت: ئەوان سێ بەشن: یەکەم: (اللاأدرية) بۆیە وایان پێ دەڵێن: چونکە دەڵێن: نازانین کە شتێك لە بوونەکان جێگیر و سەلمێنرابێت، یاخود لە ناوچوون و لە بەین چوونیان سەڵمێنرابێت. بەڵکوو لێرەوە لەسەری دەوەستین و قسەی لەسەر ناکەین.

دووەم: بەشی دووەم کە پێیان دەڵێن: عینادییە: بۆیە وایان پێ دەڵێن چونکە نکوولی دەکەن لە شتەکان، دەڵێن: ئەسلەن هیچ شتێك لە بووندا بوونییان نییە ! !

سێیەم:  عیندییە: ئەمەش لە (عند)ی عەرەبییەوەیە کە بەواتای لەگەڵ بوون دێت، چونکە ئەوان دەڵێن: ئەحکامی شتەکان پەیوەستن بە بیروباوەڕی خەڵکەکان، وە دەڵێن: هەرکەس بۆچوونێکی لەبارەی هەر شتێکەوە هەبێت، ئەوە هەقیەقەتەکەیەتی.

))))

**قۆناغی هەرەگرنگ:**

**یەکەم. ئەفلاتوون:**

ئەم قۆناغە بەگرنگترین و بەرچاوترین قۆناغی فەلسەفە لێك دەدرێتەوە، چونکە بە گرنگترین قۆناغەکانی پێشکەوتنی فەلسەفە حسێب دەکرێت. لەم قۆناغەدا بازنەی فەلسەفە فراوانتر دەبێت، ئەم قۆناغە لەگەڵ قۆناغەکانی تر بەوە جیا دەکرێتەوە کەوا تەواوی مەسەلە فەلسەفییەکان ڕێك دەخرێنەوە، بەو مانایە فەلسەفە دەگات  بە ترۆپکی پێگەیشتن و کامڵ بوون. دیارە ئەم قۆناغەش لەسەردەستی "ئەفلاتوون" و قوتابییەکەی کە "ئەرستۆ"یە لە ساڵی ٤٢٧ تاکوو ٣٢٢ی پێش زایین دەگات بە قۆناغی کامڵ بوون.

**یەکەم**: ئەفلاتوون (٤٢٧–٣٤٧ پێش زایین):

ژیانی مێژوویی:

"ئەفلاتوونی کوڕی ئەرستن کوڕی ئەرستوقلیس" لە شاری ئەسینا لە ساڵی ٤٢٧ی پێش زایین لە خێزانێکی ناوداری دەوڵەمەندی خاوەن تەوژمی سیاسیی و مولك و حیکمەت لە دایك بووە،  شارەزاو ڕۆشنەبیرێکی بەتوانا بوو بە تایبەت لە بواری شیعر و وەرزشەوە، تەواو خۆی لە ڕێبازە فەلسەفییەکان بەهرەوەر کردبوو، کاتێ کە تەمەنی دەگات بە بیست ساڵ بە "سوقرات" ئاشنا دەبێت، دەگەڵی دەکەوێ و بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە لای ئەو دەخوێنێ، لەو ماوەدا تەواو لە فیکرو تێگەیشتنەکانی سوقرات بەهەرەمەند دەبێت، بەچەشنێ کە کاریگەرییەکی زۆر گەورە لەسەر ژیانی ئەفلاتوون و جۆری بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی درووست دەکات.

دوای مردنی  (سوقراتی) مامۆستای، ئەفلاتوون ئەسینا جێ دەهێڵێ و دەچێتە (میگاری)، لەوێ "ئیقلیدس"ی فەیلەسووف نیشتەجێ دەبێ، کە دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی فەلسەفی بوو لەو شارە. پاش ماوەیەك ئەوێش جێ دەهێڵێ و دەچێتە میسڕ، لەوێ بیرکاری و جەبرو ئەندازە دەخوێنێ تەواو خۆی لە زانستەکانییان بەهرمەند دەکات، هەروەها لە ساڵی ٣٧٠ی پێش زایین میسڕ جێ دەهێڵێ و دەچێتە ئیتالیا، لەوێ "فیساگۆرس"ین دەناسێ، لای ئەو گیر دەبێ و خۆ لە ڕێبازەکەی بەهرەمەند دەکات.

"ئەفلاتوون" لە ماوەی گەشتەکان و ئەمسەرو ئەوسەریدا توانی ڕۆشەنبیرییەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بەیکەوە کۆ بکاتەوە، کە پاشان هەر ئەو ڕۆشەنبیرییانە بوونە پاڵپشتێکی گەورە بۆ ئەو تا فەلسەفەکەی لە

تەواوی فەلسەفەکانی تری یۆنانی پێش خۆی جیا بکاتەوە، فەلسەفەکەی باس لە سرووشت و ئەودیوی سرووشت و ئینسان و ئاکارو ڕەوشتەکانی و سیاسەت .. هتد دەگرێتەوە.

لە ساڵی ٣٧٨ی پێش زایین، "ئەفلاتوون" دەگەڕێتەوە ئەسینا، لەوێ دەست دەکات بە دروستکردنی قوتابخانە فەلسەفییەکەی. قوتابخانەکەشی تەواوی باخچەی (ئەکادیمۆس) گرتبووەوە.. (ئەکادیمۆس یەکێکە لە پاڵەوانەکانی یۆنان)، پاشان ناو لە قوتابخانەکەی دەنێت بە (ئەکادیمی)، ماددەکانی قوتابخانەکەی بریتی بوو لە ئایینی و زانستی، کە تێیدا تەواوی زانستەکانی تیا دەوتراوە، ئەمە جگە لەوە کردبووشی بە شوێنی پەرستن بۆ کەسانی دیندار. ئەفلاتوون لەوێدا بۆ ماوەی چل ساڵ دەرسی تیا گوتەوە. قوتابییەکانیش پێکهاتبوون بە ئافرەتان و لە پیاوان و خەڵکانی وڵات و ئەوانەی دەرەوەی وڵات، بەردەوام بوو لەگەڵ ئەم قوتابخانەی تا ڕۆژی مردنی لە ساڵی ٣٤٧ی پێش زایین.

## فەلسفەکانی ئەفلاتوون

فەلسەفەکانی ئەفلاتوون چەند بابەتێکیان بە خۆوە گرتووە، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١. تیۆرییەکەی لە بواری شارەزابوونەوە، لە ڕووی قۆناغ و چۆنییەتی وەدەست خستنیانەوە.

٢. تیۆرییەکەی لە ڕووی وێنەکانەوە، کە بریتییە لە گەڕان بە دوای هەقیقەتە ڕەهاکانی ئەمدیو سرووشتەوە.

٣. تیۆرییەکەی لە بواری سرووشتەوە، ئەویش گەڕانە بە دوای ئەو دیاردانەی کە ئاشکران، کە پەیوەستن بە تەنەکانەوە.

٤. ڕەوشت: ئەمەش بەدوای واجبەکانی تاکو کۆوەوەیە.

٥.سیاسەت: ئەمەش بەدوای ئەرکەکانی ئینسانەوەیە لەبەرامبەر کۆمەڵگەوە. تێیدا ئەو تیۆرییەی ئەفلاتوون بۆتە ماددەیەك لە مەڵبەندی کۆمارییەوە، کە ئێستا پێی دەگوترێت مەڵبەندی ئەفلاتوون.

لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە فەلسەفەی ئەفلاتوون باڵی بەسەر چەندین بابەتدا هێناوە، فەلسەفەکەشی بەمە لەوانی تر جیا دەکرێتەوە، کە ئەوانەی پێشوو تەنها فەلسەفەکەیان لەیەك شتدا کورت هەڵێناوە، بەڵام ئەوەی ئەفلاتوون تەواوی کون و قوژبنەکانی دونیای گرتۆوە. دەبینین کەوا فەلسەفەکانی هەموو ئەوانەی گرتۆتەوە کە پێیان دەڵێن: (سرووشت و و ئەمدیوی سرووشت و ماریفەت و نموونەکان و ڕەوشت و سیاسەت و دەروونی مرۆکان ..هتد).

## بەرنامە فەلسەفییەکەی

ئەفلاتوون لە بەرنامە فەلسەفییەکەی تەواو هاوبەندی لەنێوان هەموو ڕێبازە فەلسەفییەکانی پێش خۆی و ئێستای خۆی بەستبوو، ئەو هەڵساوە دڵی هیچیانی لەخۆ نەهێشاندووە، چون تەنسیقی لە نێوان هەمووواندا کردووە، ڕێگەی تەوفیق کردنیشی لەنێوان ئەواندا لەوە دابووە کە هەڵساوە شتە هەستپێکراوەکانی خستۆتە بازنەی شتە مەعقولەکانەوە، وە ڕووداوەکانی بە زەروور لێکداوەتەوە. هەڵساوە گۆڕانکارییەکەی

("هیرقلیتس" و بوونی "بارمەندیس" و بیرکارییەکەی "فیساگۆرس" لە بارەی بیروباوەڕو نەفسەوە، هەروەها گەوهەرەکانی "دیموقریتس" و توخمەکانی "ئەنبادووقلیس" و ئەقڵی "ئەنکساگۆراس" و ڕێبازی "سوقرات") هەمووی بەیەکەوە کۆ کردۆتەوەوە، واتە: "ئەفلاتوون" هیچ لە فەلسەفەکانی پێشووی ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵکوو ئەو سوودی لەهەمووان بینیوە، پاشان هەموو ئەو فەلسەفانەی کۆنی بە شێوەیەکی تایبەت سوود لێ بینیون پاشان لێی زیاد کردوو ون، بەجۆرێ بەناخیاندا چۆتە خوارو لێیان وردبووەتەوە کە کەس لە پێش ئەو بەشێوەی خۆی ئەقڵی پێ نەشکابێت!!

**خودا و نموونەکان لە لای ئەفلاتوون:**

لە پێشدا باسمان لە فەلسەفەی "ئەفلاتوون" کرد کە چۆن بە پێگەیشتنی فەلسەفی ناودەبردێت، لێرەدا حەز دەکەم کە چەند بیروبۆچوونێکی "ئەفلاتوون" سەبارەت بەهەندێ مەسەلەی گرنگ بهێنمەوە:

**یەکەم: خودا لای ئەفلاتوون:**

ئەفلاتوون دانی بە (مدبر الأمر)ێك هێناوە کە ئەم بوونەوەرەی بەم شێوە جوانە فەراهەم هێناوە، هەروەك قوتابییەکانی لێی دەگێڕنەوە کەوا گوتوویەتی: ئەم جیهانە نوێکەرو جوانکارێکی هەیە کە ئەزەلییە، کە زانایە بەتەواوی زانیارییەکان و تەواوی هۆکارەکان، ئەمەش هەر لە ئەزەلەوە هەبووە، کاتێ هەبووە هەر ئەو لە دوای خۆی وێنەی ئەو هەموو بوونەوەری بەم شێوە جوانە کێشاوە! وە پێی وایە کە بیروباوەڕ بە خوایەتی واجیبە لەسەر هەموو مرۆیەك، ئەم بیروباوەڕەش نە کتوپڕەو نە دەستکەوتیشە، بەڵکوو لە هەوەلەوە لە ناخی مرۆکاندا ڕسکاوە، کەوابوو مرۆڤ بە دینداری فەراهەم هاتووە، وە باوەڕبوون بە بوونی ئەو خوایە کارێکی وردە لە تەبیعەتی ئینساندا کە لەگەڵ درووست بوونییەوە لە ناخیدا ڕسکێنراوە! هەروەها دەڵێت: کەوابوو پەرستنی ئەوخوایە و بەگەورەگرتنی لەسەر هەموو ئادەمیزادێك پێویستە، هەروەها "ئەفلاتوون" بوونی خوا بە دوو بەڵگە دەسەلمێنێ، یەکەم: بەڵگەی جووڵەی تەنەکان، دووەم: بەڵگەی نیزام و سیستەمی گەردوون، ئەم دوو بەڵگەیەشی لەهەردوو دیاردەی ئەو جمووجوڵییەی کە لە بوونەوەردا لە تەنەکاندا دەگوزەرێت و ئەو سیستەمەیش کە ئەم بوونەوەرەی پێ هەڵدەسووڕێ پەیاکردووە.

هەروەها سەبارەت بە وەسفی خوداش لای "ئەفلاتوون" ئەوەیە کە ئەو وەسفی خوا بە بوون و بە تاك دەکات، هەر ئەوەش وا دەکات کە پێی وابێت کە خوا لەسەرووی هەموو بوونەوەرێکەوەیە و ئەرکی هەڵسواڕاندن و مشووری تەواوی بوونەوەری لە ئەستۆیە.

هەر لە وەسفەکانی؛ ئەو وەسفی خوا بە جوان و بە خێرو بە دادگەر و بە تەواوە بە ڕووکراوەیی و بە ڕاستگۆو ڕق گرتن لە درۆو مل کەچنەبوونی بۆ زەمانەو ئامادەیی بەردەوام و چاوەدێری کردنی بوونەوەر وەسف دەکات.

**دووەم. سرووشت لە لای ئەفلاتوون:**

ئەفلاتوون بوونەوەری  لەسەر بنەمای تیۆرییەکەی خۆی بەناوی تیۆری میسالییەت (نظرية المثل) و (دووانەی جیهان) لێکدەداتەوە. (نظرية المثل: لەو تیۆرەدا ئەفلاتوون پێی وایە کەوا ئینسان ئەقڵ و هۆشێکی ئاشکراو سنوورداری لەگەڵ ئەقڵێکی ناهۆشداری بەهێزتری لە ئەقڵێکی ئاشکراو ناسنوورداری هەیە.. واتە: واتە: مرۆکان ئاگاداری هەموو زانیارییەکی ئاشکراو پەنهانن، وەلێ کاتێ کە ئەم ئینسانە دێتە ژیانی هەستەکان، واتە کە لە دایك دەبێت هەموو ئەو زانیاریانەی بیر دەچێتەوە، لەو کاتەشدا هەر ئەوەندەی لەسەرە کە لەم ژیانە هەستپێکراوەدا تێ بکۆشێت تا شتەکانی وەبیر بێتەوە). ئەو پێی وایە کەوا جیهان ماددەیەکی بەرفراونی بێوێنەیە، هیچ شتێك لەم جیهانە نازانرێ تەنها وێنەیەکی جوانی قەشەنگ نەبێت، ئەو ماددەیە سەرەتا بە ئیتتیفاق جووڵاوەتەوە بە بەردەوامی تاکوو هەموو ئەو وردیلانەی کە بەیەك دەچن گەیشتوون بە یەك تا توخمی چوارەمی درووست کردووە، تا هەموو ماددەکان گەیشتوون بەو سیستەمەی کە درووست کەرەکەی بۆ هەر شوێنێك لە شوێنەکان  بە شێوەی لایەق داناوە.

لێرەدا ئەفلاتوون مەبەستی لە جووڵەی رێککەوتن ئەوە نییە کە وەك سرووشتوانەکان دەیانگوت بە رێکەوت، نەخێر، بەڵکوو ئەو مەبەستی کە درووستکەرێکی داهێنەری هەڵسووڕێنەر بووە کە گیانی داوە بەسەر ماددەکاندا، تاکوو ئەو سیستەم و رژێمە جوانەیان بۆ درووست بووە، وە هێزێکی ژیر بۆ تەواویی و رێکوپێکخستنی ماددەکان بە مەبەستێکی جوان پێی هەڵساوە. لێرەدا وەك بیروباوەڕە فەلسەفەکەی ئەرستۆ لەگەڵ تەواوی بیروباوەڕی فەلسەفەکانی تری پێش خۆی جیاوازی هەیە.

سێیەم: میسالی  لای ئەفلاتوون:

ئەفلاتوون جیهانی مەعقولی بە خوداوەند وەسف کردووە ئەویش گوایە لەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ خودای تر بەشداری کردووە لە رۆح و لە ئەقڵدا، بەڵام ئەو جیهانی ئەقڵی لەپلەکاندا لەسەرووی هەموو پلەکان داناوە، کە لەسەرووی هەمووانەوە تەنها خوایەك هەیە، کە ئەویش  مەبەستی پێ خوای (عز وجل)ە!! دەبینین کە زۆر جار وشەی خوداوەد یان ئالیهە یان ئیلاهی لەهەندێ نموونەکانی خۆیدا دەهێنێتەوە، بۆ نموونە خێر بە جوان و خوداوەند بە ئەستێرەکان یان جنۆکەکان دەهێنێتەوە!!!

**خودا لە دیدی ئەرستۆدا:**

یەکەم: بوونی خوا لە دیدی ئەرستۆدا

ئەرستۆ بۆ سەلماندنی بوونی خوا، پشتی بە جوڵەی تەنەکانەوە بەستووە، بۆیە ئەو دەڵێت: هەر تەنێ کە دەجووڵێتەوە، ئەبێ کەسێك هەبێت کە بیجولێنێتەوە، ئەو هەڵسووڕێنەرەش ناشێ کە کەسی تر هەبێت هاوکار بێت لەگەڵی بۆ جووڵاندنەوەکەی، ئەگەریش وا نەبوایە ئەوە کارەکان بەرەو کۆتایی نەدەچوون،

بۆیه ئەبێ هەموو کارەکان لای یەکەم هەڵسووڕێنەری ئەزەلییەوە سەرچاوە بگرێ، وە هەڵسووڕێنەری یەکەمیش (الله)یە.
خودا لای ئەرستۆ هۆکاری یەکەمە، یان هەڵسووڕێنەری یەکەمە، وە دەڵێت: هەر دەبێ ئەو هەموو تەنەی کە دەجووڵێتەوە کەسێ هەبێت کە بیانجوڵێنێت، وە هەر هەڵسووڕێنەرێکیش ئەبێ هەڵسووڕێنەری تر هەبێ کە بیجووڵێنێ!.. بەم شێوە هەتا دەگات بە ئەقڵ و دەڵێت: ئەقڵیش خۆیەتی کە خۆی دەجووڵێنێ، یان ئەقڵ هەڵسووڕێنەرێکە بەبێ ئەوە کە شتی تر ئەو هەڵسووڕێنێت..

**دووەم:** ئەزەلی جیهان: بیرۆکەی ئەزەلی جیهان و سەرەتایی بوونی جمووجووڵەکان، دوای سەلماندنی درووستکەرەکانیان و قسەکردن لەسەر یەکەم هەڵسووڕێنەریان؛ دوای هاتنی ئەرستۆوە درووست بوو ، چونکە ئەرستۆ لێرەدا موخالیفی هەموو فەیلەسووفەکانی پێش خۆی بۆتەوە، لێرەدا ئەو ئیبداعی کرد و گوتی: ئەو هەڵسووڕێنەرەی کە خۆی ناجووڵێت ئەبێ هەمیشەیی و هەر بوبێت بەجۆرێ کە نە سەرەتای هەبێ و نەکۆتا، ئەبێ ئەو پاکوبێگەرد بێ لەهەموو کەموکوڕییەك و لەنگییەك بە دوور بێ، ئەبێ لەهەموو شت بێنیاز بێ و پێویستی بەهیچ شتێ نەبێ.
هەروەها "ئەرستۆ" بەردەوام دەبێ دەڵێت: ئەگەر ویستو ئیرادەکان کۆن و نەگۆڕبن، ئەوە بوونی جیهانیش ئەبێ کۆن بێ وەك ئیرادەکانی خوا، چونکە ئیرادەو ویستەکانی خوا هۆیەکن بۆ بوونی جیهان!
لێرەدا "ئەرستۆ" زیادەڕەوییەك لە بیرۆکەکانی دەکات و دەڵێت: خوا ئاگای لە زۆر لە بوونەکان نییە، چونکە بوونەکان زۆر لەوە کەمترن کەوا خوا ئاگای لێیان بێت!! بەڵکوو خوا دەرك بەباشترین شتە ماقووڵەکان دەکات، ئەقڵەکانیش فەزڵیان بەسەر خودی خۆیدا نییە..!

**سێیەم: سیفەتەکانی خوا لای ئەرستۆ**
ئەرستۆ دەڵێت: (خوا هەموو شتێکە)، هەروەها دەڵێت: خوا ئەقڵە، ژیرە وە مەعقووڵە، هەروەها دەڵێت: خوا لە ئەزەلەوە هەیە، وە لاشە نییە، وە مەعقوولەو مەعشووقە، ئەو شوێنی نییە، هەڵسووڕاندنی شتە بووەکان لای ئەو شتێکی گەمەو گاڵتە نییە، یا هەڕەمەکی نییە. بەڵکوو خوا مەبەستە، ناشێ ئەو خوایە کۆمەڵێ شێوەو شیکاری هەبێ، ئەگەر وابوایە ئەوە زوو لەناو دەچوو!!
هەروەها "ئەرستۆ" ڕایدەگەینێ کەوا خوا یەکەمە، تەنها بیر لەخۆی دەکاتەوە، وە ئاگابوونیشی لە جیهان ڕەت دەکاتەوە، چونکە ئەگەر خوا بیری بەلای جیهانبوایە، ئەوە لەجوانێتی خۆی دەکەوت، ئەمەش لایەق نییە بەخوا کە کامڵە لە هەموو شت.. جا لێرەوەیە کە ئەرستۆ دەکەوێتە ئیلحادو بێباوەڕییەوە، چونکە ئەگەر خوا پەیوەندی بە جیهانەوە نەبێت لە ڕووی خەڵق و تەدبیرەوە، کەوابوو قیمەت و ماهییەتی ئەم خوایە لەچی دا دەبێ!! یان پلەو مەقامی چۆن هەندە بەرز دەبێ!! ئەی چ سوودێك لەوە دەبینین کە باوەڕمان بە بوون و تاکێتییەوە هەبێت؟!!

ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ کە دەڵێت: خوا تەنها بیر لەزاتی پاکی خۆی دەکاتەوە، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو بۆیە وای پێوایە چونکە جیهان زۆر لەوە بێنرخترە لەوە کە خوا خولقی خۆیان پێ بدات و بیریان لێ بکاتەوە؟!! بەم شێوە خوا لە دیدی ئەرستۆدا زاتێکی پاکی بێوێنەیە، بەڵام تەنها ئاگای لەخۆیەتی و چ پەیوەندییەکی بەجیهانی غەیرە خۆی نییە، قەت ئاوڕ لەوە ناداتەوە داخوا چی لە دونیادا دەگوزەرێت، چونکە غەیرە لەخۆی زۆر لەوە بچووکترن کە ئاوڕیان لێ بداتەوە!!! بۆیە ئەرستۆ لەسەردەمی خۆی رووبەڕووی زۆر لە ڕەخنەی قوتابییەکانی خۆی و حەکیمەکان بووەتەوە.

**نەفس لە دیدی ئەرستۆدا**

ئەرستۆ پێی وایە کەوا هێزێکی شاردراوە هەیە کە شتەکان ڕێکدەخاتەوە، بۆ نموونە نەفسی ڕووەکەکان هێزێکیان تیایە کە ئەبنە هۆکاری پێکهێنانی قەدوباڵایەکی جوان بۆ خۆیان، بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێکەوە، وە نەفسی ئاژەڵەکان دیسان هێزێکی ئەوتۆیان تیایە کە ئەبنە هۆکاری پێکهاتنی لاشەیەکی خاوەن هەست و نوستەوە بەو پەڕی تەواوییەوە..

لای ئەرستۆ نەفسی ئینسانەکان لەوپەڕی پلەی بەرزی دایە لە جیهانی سرووشتەکاندا، بەجۆرێ هەتا تەواوی بوونەوەر بە مانگ و ڕۆژیشەوە ناگەن بە کامڵی ئینسانەکان.

**یەکەم: پەیوەندی نەفس بە لاشەوە:**

ئەرستۆ وا دەبینێ کەوا پێکهاتەی نەفس لە گەڵ لاشە، جۆرێکە لە تەرکیبی تەنەکان. وە قەت نابێت کە نەفس و لاشە لەیەکتر جیا بکرێنەوە، بەڵکوو ئەبێ هەردوولا بە یەك شت ئیعتیباریان بۆ بکرێت. بۆیە لێرەوە ئەو وا ئەزانێت کە جیابوونەوەی نەفس لە لاشە شتێکی نا مومکین و مەحاڵە.

هەندێ جار ئەو پرسیارە قوت دەبووەوە کە ئایا هیچ کردەوەو سیفەتێك هەیە کە پەیوەندی بەنەفسەوە هەبێت، یاخود هەموو حاڵەتەکانی نەفس تایبەتن بە کائینێکی زیندو کە پێکهاتبێت بە نەفس و لاشەوە؟ ئەرستۆ لێرە ئەوەی دووەمیان هەڵدەبژێرێت، چونکە لە نەزەری ئەو نەفس جیا نییە لەلاشە، بۆیە لەم بنەمایەوە ئەرستۆ وا ئەبینێ کەوا نەفس و لاشە بەیەکەوە لە دایك دەبن و بەیەکەوەش لە بەین دەچن.

**دووەم. نەفس وێنەیەکە لە لاشە:**

نەفس لە لای ئەرستۆ ناوەڕۆکە، بەڵام ناوەڕۆکێك کە لەچەند بەشێك پێك هاتووە، بەشێ لە بەشەکانی ئەو ناوەڕۆکە ماددەیە، ئەویش شتێکی دیار کراو نییە، بەڵکوو ئەو بەشە ئەوەندەی لێدەزانرێ کە هێزێکە ئیستیعابی شتەکان دەکات، بەشێکی تر لەو ناوەڕۆکانە وێنەیە کە وا لەماددەکان دەکات کە کاری خۆیان بکەن و ببنە شتێکی دیار کراو، وە بەشی سێیەم لە ناوەڕۆکەکان تەرکیبە کە ماددەو وێنەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، ئەمەش ئەوەیانە کە ئەرستۆ ناوی لێ ناوە بە ناوەڕۆکی یەکەم، ئەم ناوەڕۆکەشیان هەر لاشەکە خۆیەتی، بۆیە لای ئەرستۆ نەفس بریتییە لە جۆری دووەم لە جۆرەکانی ناوەڕۆك.

**سێیەم. هێزی نەفس:**

ئەرستۆ پێی وایە کە نەفس چەند هێزێکی هەیە، لەوانە:

١. هەست: کە دەرك بە شتە هەستیارەکان دەکات.

٢. هەستی هاوبەش: ئەویش ئەوەیە کە دەرك بە شتە وێکچووەکان و شتە دژەکان دەکات لە بووندا، واتە ناتوانێ کە دەرك بە ڕەش بکات تاکوو دەرك بە سپی نەکات، یاخود ناتوانێ دەرك بە بەرزی بکات تا دەرك بە نزمی نەکات، ئەو دەرکپێکردنە هاوبەشە ئەرکی هەستە هاوبەشەکەیە.

٣. دیقەت لێدان: ئەمەش هێزێکە کەوا وێنەی شتەکانمان پێ دەگەیەنێت، ئەویش دوای ڕەتبوون بەهەستی هاوبەش دەبێت.

٤. پاراستن: ئەویش هێزێکە کە وێنەی شتەکان لەگەڵ دەرکپێکردن پێیان لای خۆی دەپارێزێت، ئەم وێنەیەش بە هەستەکانی پێشیدا ڕەت بووە.

٥. بیرەوەری: ئەویش ئەو هێزەیە کەوا وێنەکان دەگێڕێتەوە، دوای ئەوە کە نەماون یان لە بیرکراون.

٦. هێزی ژیر: ئەویش ئەو هێزەیە کەوا دەرك بە وێنەی شتەکان دەکات، کە ئەمەش ئاماژەیە بە فیکر و ئەقڵەکان.

**چوارەم. حاڵەتە نەفسییەکان:**

"ئەرستۆ" پێی وایە کەوا حاڵەتەکانی نەفس وەکوو (تووڕەیی و خەمناکی و دڵخۆش و ترس و وێنەکانی) ئەو حاڵەتانەن کە لە نەفس و لاشە ئاوێتە بوونە، هەموو ئەم حاڵەتانە نە تەنها لە لاشەوە دەستیان پێ کردووە نە لە نەفسەوە، بەڵکوو بە بەشداری هەردووکیان درووست بوونە.

بەم شێوە لەکاتی ڕوونکردنەوەی حاڵەتەکانی نەفس، پێویستە هەندێ لە حاڵەتی لەشەکان بە هەند وەربگرین لەکاتی تاریف کردنیاندا، بۆ نموونە کە باس لە تووڕەیی دەکەین، نابێ بەوەندە بوەستین و بڵێین: (تورەیی لە نەفسدا لەکاتی هێرش و تۆڵەکاندا پەیا دەبێت) بەڵکوو پێویستە کە ئاماژە بەو گۆڕانکارییانە بدەین کە لە دڵدا دەلکێن بەم حاڵەتەوە، یان لە کاتی گەرمبوونی لەشەوە، چونکە بە سەرنجدان بەم حاڵەتانەوە ئەوە وەسف و پێناسەکانیان تەواوتر دەبێت.

بۆیە لێرەدا دەڵێت: ئەگەر هەندێ لە حاڵەتەکانی لەش لەدەمی لکانی عاتیفەو سۆزەکانەوە سەریان هەڵدا (وەك: تورەیی و ترس) ئەوە سۆزو عاتیفەکانیش هەر ئەوکاتە دەردەکەون!

**پێنجەم. مانەوەی نەفس:**

"ئەرستۆ" پێی وایە کەوا نەفس لە ڕووی هەڵسووکەوتەکانەوە دەلکێ بە لەشەوە، لەگەڵ جووڵەی نەفس لەشیش لەگەڵی دەست دەکات بەجووڵە، هەروەها ئەو نەفسە دوای جیابوونەوەشی لە لەش هەر دەمێنێتەوە!!

لەگەڵ ئەوە "ئەرستۆ" کە دەڵێت: کە نەفس نامێنێ ئەگەر لاشە نەما، بەڵام دەڵێت: ئەو پێی وایە کە کاتێ نەفس هەردووهێزی زانست و کردەوەی تەواو دەبێت ئەوە رێك ئەودەمە وەخوا دەچێت و ئەو پەڕی کامڵ و تەواو دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا کە دەڵێت: خودا نازانێ کە چی لەبوونەوەردا هەیە نە لە ڕووی خەلق و تەدبیرەوە نە لە ڕووی عیلمەوە، چونکە خوا زۆر لەوە پاکترە کە خۆی بەم شتانەوە خەریك بکات!!! وە پێی وایە کەوا کاتێ کە نەفس لە لاشە جیا بووەوە ئەوە پەیوەندی بە جیهانی ئەقڵەکانەوە دەکات و دەوێدا جارێکی تر گەشەو نما دەکاتەوە!!!

کەوابوو "ئەرستۆ" ئێستا باوەڕی بە گەڕانەوەی نەفسی بەندەکان هەیە، بە بێ ئەوە حەشرو نەشری بسەلمێنێ!!

لێرەدا فەیلەسووفە ئیسلامییەکان، وەکوو "فارابی" و "ئیبنووسینا" ئەم بیروباوەڕەی "ئەرستۆ"یان هەڵگرتووە، وە پێیان وایە ئەم ڕێبازەی "ئەرستۆ" بۆ مەعادی لەشەکان هەقە، وە هاتوون دەقە قورئانییەکانیان هەڵگێڕاوەتەوە کە مەعادی جسمانی و خۆشی و سزاو ئەشکەنجەکان جێگیر دەکەن.

## قوتابخانەی نوێی ئەفلاتوونی

### دروستبوونی ئەم قوتابخانەیە:

ئەسکەندەرییە لە سەردەمی دەوڵەتی ڕۆمانی سەنتەرو بارەگای فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانییەکان بوو، شتێکی سرووشتی بوو کەوا فەیلەسووفە یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان و میسرییەکان سوودی لێ ببینن، چونکە پێگەو بنکەکەیان درێژایی دەریای سپی ناوەڕاستی گرتبووەوە.

ئەفلاتوونی نوێ لە قوتابخانەی ئەسکەندەری دروست بوو، وە لە ساڵی (٢٥٠) تاکوو (٥٥٠) ی پێش زایین درێژەو بەردەوامی هەبوو، ئەو قوتابخانەش دەگێڕدرێتەوە لای فەیلەسووفی یۆنانی (ئەفلاتوون)، هەرچەندە "ئەفلاتوون" لە یۆنان سەری هەڵدابوو، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو ئەو قوتابخانەیە مەیلی تەواوی بەلای "ئەفلاتوون" و ڕێبازەکەی بوو، ئەمەش یەکێکە لە پێشەنگی فەلسەفەی "ئەفلاتوون" بەسەر باقی فەلسەفەکانی تر، لێرە فەلەسەفەی "ئەفلاتوون" تێکەڵ بە هەست و بیرکردنەوەی ڕۆژ هەڵاتییەکان بووەوە!

### ڕێبازی قوتابخانەی نوێی "ئەفلاتوون":

"ئەفلاتوون"ی نوێ بەشێوەیەکی گشتی تێکەڵ بوو بە بیرو فەلسەفەکان و بیروباوەڕی بوتپەرستی و جوولەکەو نەسرانیی و داستان و ئەفسانەکان، ئەم قوتابخانە لە "ئەفلاتوون" خەیاڵ و ئەندێشەی زۆری وەرگرت، لە "ئەرستۆ" ئاسانکارییەکانیان لەمانا گشتییەکان وەرگرت، لە "رواقییەکان" بڵندی ڕەوشت و پێشکەوتنی ڕۆحی، لە "نەسرانییەکان" کاریگەرە ڕۆحییەکان و ڕەوشتییەکان، لە "بووزییەکان" مەسەلەی تەزکییەی نەفس و لە بەین چوونی تەواوی نەفەسەکان و لە ناوچوونیان وەرگرتبوو..

بەڵام ئەوەیە کە "ئەفلاتوون" فیکرو بیرێکی زۆری داهێنا سەبارەت بە خوا کە لە دواییا باسی دەکەین..

"ئەفلاتوون"ی نوێ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فەیلەسووفە مسوڵمانەکان بە وێنەی "ئیبنووسینا" و "فارابی" و غەیر ئەوان درووست کردووە، بەتایبەت لە بواری (فەیزی ئیلاهییەوە) کە بریتییە لەوە کە جیهان تێکڕا لە زاتی خواوە هاتوونەتەبوون، چونکە جیهان لە لای "ئەفلاتوون" دووبەشە کە بریتین لە (جیهانی مەعقوول و جیهانی هەستەکان) وە پێی وایە کە جیهانی مەعقوول جیهانی هەقیقییە بە خیلاف جیهانی هەستەکان کە جیهانێکی بێ ماهییەتە (جێی وەبیر هێنانەوەشە: باسمان کرد کە "ئەفلاتوون" پێی ایە، کە ئینسان هێشتا نەهاتبووە بوون، دەرکی بەهەمووشت کردووەو لەهەموو شتی دەزانی، کە پێی دەگوترێت جیهانی مەعقوول، وە کاتێ کە لە دایك دەبێت هەموو ئەو زانیاریانەی کە پێشی بوونی دەیزانین، بە لە دایکبوونی کە هاتۆتە جیهانی هەستەکان، ئەوە هەمووی بیرچۆتەوە، بۆیە پێویستە کە هەموو ئەوەی لە جیهانی مەیعقوول دایزانین ئێستا وەبیر خۆیانی بهێنێتەوە؟!!!)، بۆیە ئەو تەرکیزی زیاتر لەسەر جیهانی مەعقوولەوەیە کردووە، وە پێی وایە کە جیهانی مەعقوولیش بۆ سێ شتی مەعقوول دابەش دەبێ، کە بریتیین لە (یەکەم و ئەقڵ و نەفس)، هەر لەو یەکەوەیە کە ئەقڵ زیاد ئەبێ و لە ئەقڵیش نەفس! ئەو یەکە کامل و بێکەموکوڕییە بە شێوەیەکی ڕەها کە خودایە، کەوابوو لە خوداوە ئەقڵ زیاد پەیا ئەبێ و لە ئەقڵیش نەفس!

ئەفلاتوونی نوێ کاریگەری زۆر لەسەر سۆفیگەرێتی ئیسلامی دروست کرد، بۆیە هەر لە ڕێگەی سۆفیگەرێتییەوەبوو کە ئەو بۆچوون و فیکرەیەی ئەفلاتوون کەوتە بەرنامەی سۆفییەکاناوە، بە تایبەت لە ڕووی تەزکییەی نەفسەوە!! "سۆفییەکان" لە پێناو تەزکیەی نەفس هەڵسان ئەو بەرنامەو ڕێسایەی "ئەفلاتوون"یان گرتە بەر کە گوایە لە ڕێگەی بەرنامەو ڕێساکەی ئەمەوەیە کە دەگەن بە ماریفەتی تەواو یان ئیمانی تەواو!!

## فەیلەسووفەکانی ئەفلاتوونی نوێ

فەیەلەسووفەکانی ئەفلاتوونی نوێ چەند کەسێك بوون، ناودارترینیان ئەمانەی خوارەوە بوون:

- "ئەمونیوس سکاس" کە لە دایکوباوکێکی نەسرانی لەدایکبووە، لەساڵی (٢٤٢)ی زایینی مردووە، بە یەکێك لە دروستکەرانی فەلسەفەی ئەفلاتونی نوێ ئەژمار دەکرێ، کە ویستوویەتی هاوسەنگییەك لە نێوان فەلەسەڤی ئەفلاتوون و ئەرستۆدا درووست بکات.

- "ئەفلوتین" کە دامەزرێنەری هەقیقی قوتابخانەی ئەفلاتوونی نوێیە، وە بە یەکەم نوێکەرەوەی قوتابخانەکەی ئەفلاتون لە قەڵەم دەدرێت. "ئەفلۆتین" لە ساڵی (٢٠٥)ی زایینی لە شاری (لیقویولیس) (کە شاری ئەسیووتی ئێستایە) لەدایك بووە، کاتێ کە تەمەنی دەگاتە هەژدە ساڵ لە ساڵی ٢٣٣ی زاینی دەچێتە ئەسکەندەرییە بۆ لای "ئەمینۆس سکاس"، پاشان دەچێتە سوریاو عێراق پاشان دەچێتە ڕۆما، هەر لە ڕۆما جێگیر دەبێ و قوتابخانە فەلسەفییەکەی خۆی لەوێ درووست دەکات، هەر لەوێ دەمێنێتەوە تاکوو مردنی لەساڵی (٢٧٠)ی زایینی.

ئەفلۆتین بە دەریای زانستی ناسرابوو، بۆیە لە مەجلیسی ئەو دەیان زاناو بەتوانای سەردەمی خۆی دا ئەنیشتن و زۆریٚ لە سیاسەتمەداران دەچوون لە کۆڕی ئەو بەشداریان دەکرد و زانستییان لیٚ وەردەگرت، عەڕەبیش مەزب و ڕیٚبازەکەی ئەویان بە مەزەبی ئەسکەندەرییەکان ناو ئەبەن، هەروەك "شەهرستانی"ش ناوی لیٚ نابوو بە شیٚخی یۆنانی!!

فیکری فەلسەفی بە شیٚوەیەکی گشتی دوای "ئەفلۆتین" چەقی بەست، تا وای بەسەر هات خەڵکی زۆرتر پەنایان بۆ ڕاوبۆچوونەکانی کۆنی فەیلەسووفەکان دەبردەوە، زۆریٚك لە فەیلەسووفدۆستان ئەومجارە لە ئیلاهییات قول دەبوونەوە، وە ڕوویان کردبووە سیحر و جادووەوە، یانی لایەنەکانی ئەقڵ و مەنتیقیان گرتبووە بەر، بەم شیٚوە فەلەسەفەی یۆنانی کۆتایی هات.

– پاشان "فرفرویوس ٢٣٤–٣٠٥ی زایینی" هات، هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی کتیٚبەکانی "ئەفلوتین"، بە نووسراوەکانی هیٚرشی زۆری کردە سەر نەسرانییەکان، بۆیە هەر لەم ڕووەوە چەندین کتیٚبی نووسی.

– پاشان "مبلیخوس" کە لەساڵی ٣٣٠ی زاینیی مردووە؛ هات، ئەویش چەندین پەیامی لەسەر فەلسەفە نووسی، لەوانە: نهیٚنییەکانی میسڕ کە بریتی بوو لە تەفسیریٚکی فەلەسەفی لە بارەی "طقوس"ی میسڕو تەعالیمیە ئایینەکان.

– بەڵام " ئۆگەستین" (٣٥٤ – ٤٤٠ی زاینی) ئەویش ئەو قەشەیە بوو کەلە جەزائیر لە دایکیٚکی نەسرانی و باوکیٚکی بوتپەرست لە دایك بوو، ئەو هەڵسا بەراوردی لە نیٚوان ئەفلاتوونی نویٚ و نەسرانییەکان کردەوە، وە دەڵیٚت: نەسرانییەت فەلسەفەی هەق و ڕاستەقینەیە.

– پاشان "ئەبرەکلس" (٤١٠– ٤٨٥ی زایینی) هات، ئەویش مامۆستایەکی قوتابخانەکەی ئەفلاتوونی نویٚ بوو، ئەویش ڕیٚبازو مەزەبەکەی خۆی لە دوو تویٚی کتیٚبیٚکدا دانا، ئەویش کە بریتی بوون لە (لاهوت) و (لاهووتی ئەفلاتوون).

لەساڵی ٥٢٩ی زایینی(جوستنیان)ی ئیمبراتۆر قوتابخانەکانی فەلسەفەی لە ئەسینا داخست، بۆیە زۆریٚك لە پیاوانی فەلسەفە دوای داخستنی قوتابخانەکەیان ڕوویان لە ڕۆژهەڵات کردەوە، بەم جۆرە فەلسەفەی یۆنانی لە وڵاتانی یۆنان کۆتاییان هات، بۆیە ئەمجارە ئەو بیرە فەلەسەفەییانە بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بارگەیان تیٚکنا، لەدوای ئەو گەشتەی ئەوان زۆریٚك لە کتیٚبەکانی "ئەرستۆ" وەرگیٚردرانە سەر زمانەکانی سیریانی و عەڕەبی!!

لەسەدەی دوازدەدا، کتیٚبە عەڕەبییەکان وەرگیٚردرانە سەر زمانی لاتینی، پاشان ئەمجارەیان کتیٚبەکانی ئەرستۆ بەزمانی لاتینی کەوتە بەردەست ڕۆژئاواییەکانەوە، کە بەمە بووە بنەڕەتیٚك بۆ پەیابوونی

فەلسەفەی نوێ لای ڕۆژئاواییەکان، کە ناسرا بوو بە فەلسەفەی سەردەمی هەڵسانەوە، بەڵام فەلسەفەیەك لەسەر شێوەیەکی نوێ.

**چۆن فەلەسەفە خۆی گەیاندە ئەقڵی ئیسلامییەوە؟**

دوای ئەوە ڕوونمان کردەوە کەوا ڕێبازە فەلسەفییەکانی یۆنان چی بوون و چۆن بوون، وە گرنگترین بیرە فەلسەفییەکان چی بوون.. جا لێرەدا پێویستە کە بزانین ئایا چۆن ئەو بیرە فەلسەفییانە کەوتە نێو هیزرو ئەقڵی ئیسلامیمانەوە، وە کێ بوون ئەوانەی کە لە پشت ئەو کارەوە بوون؟

"شێخولئیسلام ئیبنووتەیمیە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (ئوممەتی ئیسلامیمان بەردەوام بە تەرازووی ئەقڵ ئەپێون، لە پێشینەمان کەس باسی لە مەنتقی یۆنانی نەکردبوو، بەڵام ئەو کاتە لە ناو ئیسلام سەرییان هەڵدا کە کتێبە فەلسەفییەکانی یۆنان وەرگێڕدرانە سەر زەمانی عەرەبی، ئەویش لەسەردەمی دەوڵەتی مەئموون، یان نزیك لە سەردەمی ئەوا بوو!!)

"سیووتی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) باس لە هاتنی فەلسەفەی یۆنانی دەکات بۆ ناو مسوڵمانان، دەڵێت: "یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکی" کە یەکێك بووە لە فارسەکان و لەسەردەمی حوکمی عەبباسییەکان کتێبە فەلسەفییەکانی یۆنانی لە وڵاتانی ڕۆمەوە هێنایە ناو خاکی ئیسلامییەوە، ئەویش ئەو کاتە بوو کەوا "بەرمەکی" کەسێکی ناردە لای مەلیکی ڕۆمەکان و داوای لێ کرد کەوا کتێبە فەلسەفییەکانی یۆنانییان بۆ بنێرێت!! ئەو کاتەش مەلیکی ڕۆم لەوە ئەترسا کەوا ڕۆمەکان لەبەرخاتری کتێبە یۆنانییەکان دەستبەرداری گاورێتی ببن و بگەڕێنەوە سەر بوتپەستی ئایینەکانی یۆنان!! وە پاشان خەڵکی دووچاری دابڕدابڕبوون و لێك ترازان ببن و مەمەلەکەتی ڕۆما لەبەر یەك هەڵوەشێتەوە!! بۆیە لەکاتی خۆی کتێب و نووسراوێکی زۆری یۆنانی خستە بیرەوە پاشان بە بەردو بەگەچ دەرگای بیرەکەی توند قاییم کرد..!! بەڵام ئێستا مسوڵمانێك کە لەوپەڕی دونیای ئیسلامیی دێت و دەڵێت ئێمە پێویستیمان بەم کتێبانە هەیە!! ئەویش زۆر بەدڵخۆشییەوە وەڵامی دایەوەو سەدان کتێبی فەلسەفی یۆنانی بۆ هەناردن بەڵکوو هەرچی زووە مەملەکەتی ئیسلامییش لەبەر یەك هەڵوەشێ و ڕۆڵەکانیان سەرگەردان ببن!! لە لای خۆشییەوە مەلیکی ڕۆم هەموو بەتاریقەکانی خۆی کۆ کردەوەو پێی گوتن: هیچ وڵاتێکی شەرعیی نییە کە کاتێ ئەم کتێبانەی گەیشتبێ ئەوە سەروبەری ئەو دەوڵەتەی لێك هەڵوشاندۆتەوە و زاناو شارەزایانی پێی سەرگەردان بوونە، بۆیە گوتی: من وا ئەبینیم کە تەواوی ئەو کتێبانە بۆ مسوڵمانان بنێرم تاکوو ئەوان ئەمجارە لە جێی ئێمە تووشی سەرگەردانی و سەرلێشێواوی ببنەوە!! بەتاریقەکانیش گوتیان بەخوا شتی باش ئەکەیت (وەك دەڵێن: مردوو لەمە باشتر ناشوورێت!!) بۆیە کتێبو نووراوێکی زۆریان نارده نێو مسوڵمانان!! جا لەوێ ڕۆژێوە فەلسەفەو بیری فەلسەفی بۆتە دوومەڵ بە گیانی مسوڵمانانەوە؟!!!

بەڵێ ئەو کاتەی کە کتێبەکان دەگەنە لای "یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکی"، ئەویش تەواوی زەندیق و فەیلەسووفەکانی خۆی کۆ دەکاتەوەو دەست دەکەن بە وەرگێڕانی کتێبو نووسراوەکان بۆ سەر زمانی

عەڕەبی، تەواوی کتێبەکانیش بە تەواوی لەسەردەمی خەلیفەی عەبباسی (مەئموون) وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەڕەبی، یەکەم کەسیش کە دەستی کرد بە گۆڕینی چەند کتێبێکی یۆنانی بۆ سەر زمانی عەڕەبی "خالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی موعاویە" بوو کە چەندین کتێبی سەبارەت بە کیمیا وەرگێڕایە سەرزمانی عەڕەبی.
لەو کتێبانەی کە وەرگێڕدرانە سەرزمانی عەڕەبی کتێبەکانی "ئەرستۆ" بوو، کە ڕاستەوخۆ لە یۆنانییەوە وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی.

شتێکی بەلگەنەویست بوو کەوا فەلسەفەی "ئەرستۆ" وەگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی، جا یان ڕاستەوخۆ لە زمانی یۆنانییەوە بوو، هەروەك "حونەینی کوڕی ئیسحاق" کردی، یان لە زمانی سریانییەوە، کە بەهەمان شێواز کانی یۆنانی لەڕووی دەستەواژەوە وەرگێڕدرابووە سەر زمانی سریانی، بەڵام ئەوەی کە گرفتەکەی قوڵتر کردەوە ئەوەبوو کە وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفییەکانی "ئەرستۆ" و غەیرە ئەرستۆ بە تەرجوومەی حەرفییەوە تەرجووە کران، ئەویش بە بیانووی ئەوە کە ئەم شێوەی تەرجوومە کردنە؛ واتە تەرجوومەی حەرفی دەقەکان شێوازێکی زانستی درووستە بۆ گواستنەوەی دەقەکان. هەروەك ئێستا زۆرێك لە عەڕەبەکان ئەم جۆرە شێوازەی تەرجوومەیان گرتۆتەبەر، بۆیە ئەبینی زۆرێك لە خەڵك چەندی بابەتەکان دەخوێننەوە بە چاکی لێی حاڵی نابن!!
وێڕای ئەوە کە ئەو کەسانەی کە هاتن ئەو کتێبە فەلسەفیانەیان تەرجوومە دەکردەوە، خۆیان بە چاکی لە ماناو وردەکارییەکانی فەلسەفە باش حاڵی نەببوون، واتە: وەك وەرگێڕەکان لەم ڕووەوە شارەزای زانستەکانی فەلسەفە نەبوون، بەڵکوو تەنها پیشەیان ئەوە بوو کە چۆن وەریبگێڕنە سەرزمانی عەڕەبییەوە، ئەوەی کە جێگەی سەرسامی و تێڕامانیشە ئەوەیە کە زۆربەی ئەوانەی کە بە کاری تەرجوومەی کتێبەکان هەڵسابوون لەسەر دینی نەسرانی بوون، هەندێ لەوان سابیئی بوون، خۆش بەخاتە کەسێ لەوان کە فەلەسەفەکانی گێڕابێتە سەر زمانی عەڕەبی لەسەر پەیڕەوی ئایینی ئیسلامی نەبوو. وەك باسیشمان کرد کەوا تەرجوومەکان تەرجوومەی حەرفی بوون، خۆشیان تەواو لە زمانی عەڕەبی قاڵ نەبوونەوە، لایەنە فەلسەفییەکانیشیان هەر بێهێزبوو، جا بنۆڕە ئەبێ چۆن کارێکیان کردبێ!! وێڕای هەموو ئەمانە بیروباوەڕی غەیرە ئیسلامیی ئەوێ ڕۆژێ باڵی  بەسەر تەواوی ولاتاندا هێنابوو، بۆیە بەم شێوەو قۆناغە، هەندەی تر مەسەلەی فەلسەفە وشکتر و قورستر بووەوە لە ڕووی تێگەیشتنەکانییەوە!!
جا بەم شێوە بیروباوەڕی کوفری  کەوتە نێو هزری ئیسلامییەوە!!
لێرەدا ئیمامی "سیووتی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)  باس لەو جۆرە وەرگێڕانە دەکات و دەڵێت: کاتێ کە کتێبە فەلسەفییەکان کەوتنە نێو وڵاتانی ئیسلامییەوە، ئەوکاتە هەرچی زەندیق و فەیلەسووف هەبوون ئاپۆرەیان لە کتێبەکانداو هەوڵی وەرگێڕانیاندا بۆ سەر زمانی عەڕەبی!
شایەنی باسە زۆربەی ئەو بابەتە فەلسەفییانەش کە بە تامەزرۆییەوە وەریاندەگێڕایە سەر زمانی عەڕەبی ئەوانە بوون کە سەبارەت بە خواو بە ئەقڵ و بە سرووشت نووسرابوون، بەم پێیە وردە وردە فیکرە

فەلسەفییەکان تا دەهات بازاڕی زیاتر و گەرمتر دەبوو، هەتا لە نێو زانا مسوڵمانەکانیشەوە، هەبوو کتێبی دەنووسی بەس بۆ بەرگری کردن لە کتێبە فەلسەفییەکان و نەیارانی، لەوانە دەبینین کەوا "ئیبنووڕوشد" کتێبێکی بۆ وەڵامی نەیارانی فەلسەفە نووسی بەناونیشانی (تهافت التهافت).

**هەڵوێستی زاناو پێشەوایانی ئیسلامی سەبارەت بە فەلسەفە**

ئیمامی غەزالی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (الإحياء: ٢٢/١)دا باس فەلسەفە دەکات و لە بارەی دەفەرموێ: فەلسەفە بە تەنها زانستێك نییە کە خێرا بەسەر دا بڕۆین، بەڵکوو فەلسەفە چوار بەشە:

**یەکەم: ئەندازە و بیرکاری** (الهندسة والحساب): ئەم دووەیان قسەی زۆر لەسەر ناکرێ چونکە ڕێگە بە فێربوون و کارپێکردنی نەگیراوە، هەروەك هیچ بەربەستێکیش نییە بۆ فێربوونی.. مەگەر ئەو زانستە وا لەو کەسە بکات کە سەری پێ بکێشێت بۆ زانستە خراپ و بێکەڵکەکان، بۆیە زۆر هەن لەوانەی کە بەدوای ئەم زانستەوە هەنگاویان ناوە، دەبینین کە لە دواییا کەوتوونەتە داوی بیدعەو بیدعەکاری و خراپەیەکی ئەوتۆوە تا ملی خۆیان پێ شکاوە ! !

**دووەم: مەنتیق**: ئەمەش زانستێکە کە خەڵکی لە ڕێگەی ئەمەوە دوای بەڵگەو مەرجی شتەکانەوە دەکەوێت، هەڵبەت ئەمەش دەکەوێتە بازنەی زانستی کەلامەوە. (لە دواییا باسی دەکەین).

**سێیەم: ئیلاهییات**: ئەمەش گەڕانە بەدوای زاتی خواو سیفەتەکانییەوە، دیارە ئەمەشیان هەر دەکەوێتە بازنەی زانستی کەلامەوە. بۆیە لەم ڕووەوە فەیلەسووفەکان نەهاتوون کە چوارچێوەیەك بۆ گەڕان بە دوای سیفەتەکانی خواوە بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن و تێیدا بجووڵێنەوە، بۆیە لەوە تێپەڕیان کردووە، تا زۆریان کەوتوونەتە ناو کوفریات و بیدعەکانەوە.

**چوارەم: سرووشتەکان**: هەندێکیان موخالیفن بەشەرع و بە دینی خوا، دیارە کە ئەم بەشەشیان جەهلێکی ڕووتە و هیچ پەیوەندییەکی بە زانستەوە نییە. هەندێ لە سرووشتەکان بریتین لە گەڕان بە دوای سیفەتەکانی لاشەو تایبەتییەکان و چۆنیەتییەکانی، ڕێك وەك کاری پزیشکەکان، ئەوەیە کە پزیشکەکان سەیری لاشەی ئینسانەکان دەکەن و نەخۆشییەکانییان دەپەشکنن.. بەڵام هەرچی فەلسەفییەکانە لە جۆری سرووشتەکان، پێویستییان بەم پکشنینە نییە، بەڵکوو لە هەست و ناخی کەسەکان حاڵەتی نەخۆشییەکان دیار دەکەن! ! !

لە کتێبی (الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب المعاصرة ١١١٨/٢– ١١٢١) دا دەڵێت: "فەلسەفە" وشەیەکی یۆنانییە لە دوو وشە پێکهاتووە کە بریتین لە (فیلا) واتە: کاریگەر، هەروەك فیساگۆرس بە مانای

خۆشەویستی لێکداوەتەوە، هەروەها وشەی (سوفیا) کە بە مانای حیکمەت دێت، فەیلەسووفیش لە فەلسەفەدا واتە: (مؤثر الحكمة) واتە: کاریگەری حیکمەت. پاشان لە دواییا بە فەیلەسووفیان گوت: حەکیم. فەیلەسووفانیش هەر لە کۆنەوە وا ناویان دەرکرد کەوا تەفسیری ماریفەت بە ئەقڵ دەکەن. فەلسەفەش لە دیدی شوێنکەوتوانیان، لەوانە دکتۆر تۆفیق تەویل وایە کە تاریفی کردووە دەڵێت: فەلسەفە تێڕوانینێکی ئەقڵانیی ڕزگاربووە لە هەموو کۆت و دەسەڵاتێکی دەرەکی فەرزکراو لەسەری! ! بۆیە هێز و توانایی لە تێگەیشتنەکەی ئەوپەڕە ! !

هەروەها فەیلەسووف لای "ئەرستۆ" پلەی لە پلەی پێغەمبەرایەتی گەورەترە! ! چونکە پێغەمبەر لە ڕێگەی ئەو شتانەوە پەی بە شتەکان دەبات کە بۆی دیار کراوە، وەلێ فەیلەسووف لە ڕێگەی ئەقڵ و تێڕامانی خۆی شتەکان بەدی دەکات! ! شتێکیش کە بۆ کەسێك دیار کرابێت لای ئەوان بچووکترە لە شتێ کە بە هێزو توانای خۆت لەدەرککردن بەشتەکان پێت درابێ! ! دیارە "فاڕابی" ش هەر پێی وابوو کەوا فەیلەسووف مەقامی لە مەقامی پێغەمبەر بڵندترو گەورەترە ! !
کەوابوو فەلەسەفە بەم پێناسەو ناسنامەی کە باسمان کرد هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ حیکمەت (کە مەبەستمان پێ سوننەتە وەك زانایان وایان لێکداوەتەوە) گیردەبێت. بۆیە دەڵێین: بەو مانای فەلسەفەیە کە باسمان کرد دەتوانین بڵێین: کەوا فەلسەفە خراترین زێدەڕۆو و تووندترین بۆچوونە کە دژایەتی لە گەڵ ئیمان و ئایینە ئاسمانییەکان بکات، چونکە بەپێی بووچوون و بیروباوەڕەکانی بەناوی ئەقڵەوە ئەقڵ لەخەڵك تێك ئەدەن و بەگژ دەقە شەرعییەکانیانەوە دەنێن! !

"ئیمام شافعی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: خەڵکی تووشی نەدانی و نەزانی بوونەوە بە هۆکار دەستباربوونیان بە زاراوەکانی عەرەب و خۆ تەسلیم کردنیاین بە زاراوەکانی "ئەرستۆ" و "تالیس" هەرچەندە فەلسەفەکان لە شارستانییەتەکانی میسرو هیند و فارسەکانی کۆن بوونیان هەبوو، بەڵام هەر لە وڵاتانی یۆنان زیاتر ناوبانگی هەبوو، بەڵکوو هەر لکێنرابوو بەوانەوە! هۆکارەکەشی ئەوە بوو کەوا فەیلەسووفەکانی یۆنان گرنگی زۆریان بە گواستنەوەی کەلەپووری گەلانی بتپەرست و پاشماوەکانیان لە ئایینە ئاسمانییەکان (کە سوودیان لە کتێبەکانی ئیبراهیم و موسا –سەلامی خوایان لێ بێت لەگەڵ ئاینی لوقمانی حەکیم) دابوو. ئەمەش دوای سەرکەوتنی یۆنانییەکان بوو بەسەر عیبرانییەکان لە دوای بابلییەکان یان (سەبی بابلی)یەکانەوە !
هەروەها "ئیبنوئەبوولعز" لێدەرەوەی ئاقیدەی تەحاوی، مەزەبی فەیلەسوفەکانی بە پێنج خاڵی بنەڕەتی پوخت کردۆتەوە:
**یەکەم**: خوا (سبحانه وتعالى) هیچ بوون و هەقیقەتێکی نییە! !
**دووەم**: نکووڵی لە درووست کردنی کردەوەی بەندەکان (خلق أفعال عباده) دەکەن.

**سێیەم**: باوەڕیان بە کتێبەکانی خوا نییە، هەندێکیشیان پێیان وایە کە خوا نە قسە دەکات و نە قسەی لەگەڵ دەکرێت!

**چوارەم**: قورئان لای ئەوان زادەی بیری مرۆکانە، لە نەفس و دەروونێکی پاکی مرۆکانەوە هەردەقوڵن!

**پێنجەم**: پێیان وایە کە خوا دەست و قاچی نییە، وە دانابەزێ و ناچێتە سەر، بەڵکوو خوا لای ئەوان زادەی زیهنەکانەو کەسیش ناشێت کە بەچاوی سەر بی بینێت!

هەروەها فەیلەسووفەکان لە هەمووان زێتر نکوولیی لە ڕۆژی دوایی و زیندوو بوونەوە دەکەن، وە هیچ دۆزەخ و بەهەشتێکیش لە ئارا دانییە، باس کردنیشیان تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی نەزانە!!

بەردەوام فەلسەفەکانی یۆنان پێشەنگی فەلسەفە و بانگەوازەکانی کۆن و نوێی ڕۆژئاوا بووە، بەڵکوو زۆرێکیش لە پارتە ئیسلامییە کەلامییەکان کەوتوونەتە ژێرکاریگەری ئەوانەوە!! هەروەك زاراوەی فەلسەفەی ئیسلامیش وەك بەرنامەیەکی زانستی لە چوارچێوەی بەرنامەی زانستە شەرعییەکان سەری هەڵنەدا ئەو کاتە نەبێت کە شێخ "موستەفا عەبدولڕەزاق" (شێخی پێشووتری ئەزهەر) لەدژی هێرەشەکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ئیسلام پەنای بۆ نەبرد، ئەویش بە پاساوی ئەوە کە خۆی لەدەردی فەلسە دەبوراد، هەستا بە حسێبی دژایەتی کردنی فەلسەفەکان پەنای بۆ هەمان وشەی فەلسەفە بردەوە!! بۆیە ئێستا فەلسەفە بۆتە لاشەیەکی نامۆ لەنێو قەوارەی ئیسلامییەوە، بنەڕەتیش ئەوەیە کە لە ئیسلامدا هیچ فەلسەفەیەك لە ئارد دانییە. هەروەك بەو مانای فەلسەفە لاڕێیەش کە باسمان کرد، هیچ فەیلەسووفێکی ئەوتۆ لە ئارادانییە. بەڵکوو ئیسلام زانستێکی پاکو بێگەردو سەلمێنراوە.. بۆیە فەلەسەفەیەك لە نێو ئیسلام و مسوڵمانان لە ئارادابێت، بریتی بووە لە بیروباوەڕێکی پاکی بێگەرد کە سەرچاوەی لە قورئان و سوننەتەوە گرتووە، بە وێنەی (فارابی، کیندی، ئیبنووسینا، ئیبنوورشد...).

**هەروەها زانایان بەردەوام قسە لەسەر فەلسەفە دەکەن، لەوانە:**

(١) "ئیبنوونەجیمی حەنفی" لە کتێبی (الأشباه والنظائر)دا دەڵێت: فێربوونی زانست بە ئەندازەی پێویست بۆ دین فەرزی عەینە، هەروەك فەرزی کیفایەشە بۆ کەسێك کە بیەوێ خەڵك لەو زانستە بەهرەوەر کات. وە سوننەتیشە کەسێك کە بیەوێ تەواو لە هەموو بوارەکانی فیقهـ و تێگەیشتن لە دڵەکان حاڵی ببێت. بەڵام خۆ بەهرەوەر کردن لە فەلسەفە و فالگرتنەوەو سیحرو جادووکەری حەرامە.

(٢) "دەردیری مالیکی"ی لە کتێبی (الشرح الكبير) دا لە باسی فەرزی کیفایە لە وەرگرتنی زانستدا دەڵێت: ئەوەی کە فەرزی کیفایەیە وەکوو (فیقهـ و تەفسیرو فەرموودەو بیروباوەڕو نەحوو سەرف و ئوسول) جگە لە فەلسەفە کە حەرامە، تێکڕایان فەرزی کیفایەن بۆ بەندەکان کە بیانەوێ خۆیان لێ بەهرمەند بکەن.

(٣) "زەکەرییای ئەنساری شافعیی" لە کتێبی (أسنى المطالب) بەرگی (٨١٢/٤) دا دەڵێت: بەڵام خۆ بەهرەمەند کردن لە زانستی فەلەسەفەو فالگرتنەوەو ئەستێرە گرەوە و سیحر حەرامە.

(٤) "بەهووتی حەنبەلیی" لە کتێبی (كشاف القناع) بەرگی (٣٤/٣) دەڵێت: جگە لە زانستە شەرعییەکان زانستی تر هەن کە حەڕامن یان مەکرووهن، لەوانەی کە حەڕامن، عیلیمی کەلامە، لەوەی کەسێك بە

ئەقڵێکی ڕووتەوە قسە لەسەر شەرع بکات یان خیلاف دەقە ڕاشکاوەکانی شەرع بوەستێتەوە. ئەگەر کەسێك قسە بەس بە دەق بکات، یان قسە بە دەق بکات و بە ئەقڵێکیش لەبارەی بدوێت کە موافق بێت بە دەقەکە، ئەوە ڕێگەو ڕێبازی سوننەتی هەقیقییە، ئەمەش مانای قسەکەی "شێخ تەقیودین"ە لە پەراوێزی کتێبەکەوە.. بەڵام ئەشێت لەو عیلمانەی فەلسەفەو ئەستێرەگرەوەو بەرد بەکێل وەنان بەرهەمەند بیت بەوەندە کە لە خراپەکانیان بگەیت! بەڵام ئەمەش بۆ کەسانێك کە ئەهلی پسپۆر بن، نەك کەسێك لە خۆیەوە خۆی بەشیاوی ئەوە بزانێ و شیاویش نەبێت! ئەمەش بۆ ئەوەیە جگە لە حاڵی بوون لە حاڵی فەلسەفەخوازان، بۆ ئەوەش بێت کە لە دژیان بوەستیتەوە.

لێرەشەوە هەندێ لە زانایان دەڵێن: ئەگەر خۆ بەهرەمەند کردن لە فەلسەفە شتێکی ئیلزامی بێ (بۆ نموونە لەهەندێ خوێندنگا کرایەماڵ بەسەر قوتابییان) ئەوە ئەبێ زۆر وریای بیروباوەڕە بەتاڵەکانیان بن و شارەزایان بن، هەڵبەت ئەمەش بەوەوە دەبێت کە لە پاڵ ئەو زانستی فەلسەفەیە، هەوڵی خۆ بەهرەمەندبوون بدەیت بە زانستە شەرعییەکانەوە، بەتایبەت ئەو فەلسەفانەی کە لە زۆر شوێنان لێکێنراون بە مەسەلە ئەقیدەییەکانەوە، ئەوە هەر فەرزی عەین دەبێت کە خۆت لە زانستە شەرعییەکان بە تایبەتی لە بوری ئەقیدەوە بەهرەوەر بکەیت، بۆ ئەوەی سووك ئاسان نەکەوییە داوی فەلەسەفەی بێباوڕییەوە!!

**هەڵویستی "ئەبووحامیدی غەزالی" لە مەڕ فەلسەفەوە**

لەسەرەدەمی "ئەبووحامدی غەزالی ١٠٥٨ – ١١١١ زایینی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) چەندین پارت و تاقمی ئیسلامیی هەبوون، بۆیە دەبینین کو خۆی خستە بەرەی تاریفکردنی هەر یەك لە تاقمە ئیسلامییەکانەوە تاکوو هەق و ناهەقان لێك هەڵاوێرێت، لێرەوە دەستی کرد بە هەنگاونان سەبارەت بە تاریفکردنی هەر یەك لە تاقمە ئیسلامییەکانەوە، ئەو هەڵسا دوو کتێبی سەبارەت بەم باسە نووسی، کە یەکیان بەناونیشانی (تهافت الفلسفه) بوو، لەو کتێبەدا وەڵامی هەموو ئەو بانگەشەیانەی دەدایەوە کە سەبارەت بە فەلەسەفەکان دەدران، بە تایبەت لەوانەی لەبارەی خواو و زانست و نەفسەوە ئەدوان.
هەروەها سەبارەت بە بوونی خوا، بەڵگەی دەهێنایەوە لەسەر بوونی خوا، دەیفەرموو: بوونی هەر دروست کراوێك بەڵگەیە لەسەر بوونی درووستکەرێك. هەروەك لە کتێبە نایابەکەی خۆی (احیاء علوم الدین)دا دەڵێت: ئەو هەموو شوێنەوارە سەرسوڕهێنەرە، ئەو هەموو ئەندازەگیری و ڕێکخستنە بێئەژمارە هانمان ئەدات بۆ ئەوە کە دان بە درووست کەرێك بهێننین کە لەپشت ئەو هەموو شتە جوان و سەرسوڕهێنەرەوەیە، هەروەها لەو کتێبەدا وەسفەکانی خوا زۆر بەجوانی بە ڕوونی ڕوون دەکاتەوە.
هەروەها سەبارەت بە قسەی فەلسەفەکان لەبارەی (قدم العالم) واتە: ئەزەلی جیهان، ئەو پێی وانییە کە فەیلەسووفەکان لەمەدا هەقیان پێکابێت، لێرەدا غەزالی ڕەخنە لە (نظرية الفيض)ی "فارابی" و "ئیبنوسینا" دەگرێت و دەڵێت: ئەمە پەکخستنی سیفەتەکانی خوایە، هەروەها نەمرێتی نەفس و مانەوەی لەدوای مردن.
(نظرية الفيض)؛ واتە: بریتییە لەوە کە گوایە جیهان تێکرا لە زاتی خواوە هاتوونەتەبوون!!

هەروەها "غەزالی" پێی وایە کەوا نەفسە چاکەکان (النفوس الطيبة) لە بەهەشتدا بە نەمری دەمێننەوە، هەروەك نەفسە پیسەکان (النفوس الخبيثة)ش بە نەمری لە دۆزەخ دەمێننەوە، هەروەها (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)  پێی وایە کەوا ئیمان هانی مرۆکان ئەدەن کە بگەڕێن و بزانن و ماریفە پەیا بکەن بۆ جێگیرکردنی بوونی خوا، بەڵام پێی وایە کە ئیمان نوورێکە کە خوا دەیخاتە دڵی بەندەکانەوە، تا بەم ئیمانەوە ئەو بەندە بتوانێت یەقین پەیا بکات و ڕاستییەکانی بۆ بەدیار بکەوێت.

لێرەدا غەزالی وا ئەبینێ کە هەرچەندە خیلاف لەگەڵ فەیلەسووفەکانی وەك "فارابی" و "ئیبنوسینا" هەیە لە زۆر لە باسەکان، بەو باسانەی کە یۆنانییەکان سەبارەت بە ئەزەلی بوونی جیهان و فەیزی خودا قسە دەکەن لەجێی ئەوە کە پێیان وابێت خوا شتەکانی لە نەبوونەوە درووست کردووە، بەڵام لەگەڵیاندا کۆکە سەبارەت بە لقێك لە لقەکانی ماریفەت، کە ئەویش ماریفەی (حەدەس)بیە، یان ماریفەی ڕاستەوخۆ، یان دەرکپێکردی ڕاستەوخۆ، کە پێویستی بە ڕێگانی (هەستی) ماریفی نەبێت، وە پێی وایە کە بەم ڕێگەوە دەگەن بە یەقین.

بەڵام هەرچی "شێخولئیسلام ئیبنووتەیمییە"یە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەو لەگەڵ ئیمامی "غەزالی" ناکۆکە لەسەر ئەو باسەوە، بەڵکوو ئەو بەهیچ شێوەیەك نە چاکەیان و نە باشەی فەیلەسووفەکانی قەبوول نییە! وە سەبارەت بە هەڵوێستیان لە بارەی ڕێگاکانی ماریفەت کە پشتیان بە ئەقڵ بەستووە ئەوە فاتیحەی لەسەر خوێندوون و هەر بە هیچی حسێب نەکردوون، ئەو نکوولی بەڵگەکانی ئەوان دەکات کە قسە لە سەر (واجب الوجود) دەکەن. وە دەڵێت: ئەوانەی کە قسە لەسەرە (واجب الوجود) دەکەن، هیچ بەڵگەیەکیان نەهێناوەتەوە، ئەوان هاتوون بوونی خوایان بە مەوقووف لەسەر مومکین گێڕاوە ئەمەش هەمان مانای قەدیمە بۆ خوا، بەم بەڵگەی ئەوان بەهیچ جۆر (واجب الوجود) ناسەلمێنرێت! تەنها لە ڕێگەی جێگیرکردنی کردنی (ممكن القديم) نەبێت. یانی دەشێ کە کۆن بێت.

هەروەها دەڵێت: ئەوان هەر ئەوەیان کردۆتە بەڵگە کە هەر دەبێ ئەو شتەی کە درووست کراوە شتێکی کۆن بێت، ئەمەش (واجب الوجود)ە، بەڵام هاتوون ئەوەیان لە بیردۆزو قسەکانیاندا سەلماندووە کەوا (قديم) واجیبولوجوود نییە، لێرەدا ئەوەی کە لەبارەی (قديم) ەوە سەلماندوویانە دژە بەوە کە ئەو شتە کۆنە خوای پەروەردگار بێت. ئەوان قەدیمیان جێگیر کردووە دەڵێن: قەدیم بۆ واجیب و غەیرە واجیب دابەش دەبێت، وە دەڵێن: نابێ کە سیفەت بێت یان وەسف کراو بێت ئەو شتە، ئەمەش هەڵبەت دیوێکی تێگەیشتن لەم قسەیە نەسەلماندنی بوونی خوایە (والعياذ بالله)، هەرچەندە ئەوان بە (واجب الوجود)یشی دا ئەنێن!

هەروەها "شیخولئیسلام" ڕاوبۆچوونی فەیلەسووفەکان پووچەڵ دەکاتەوە سەبارەت بە (قدم العالم)، چونکە ئەوان دەڵێن: خوا کارەکان بە واجب لەسەر خۆی ڕادەپەڕێنێ نەك بە ئیختیاری خۆی!! چونکە خوا هەر لە هەوڵەوە هەرچی شتێ کە کردبێتی یا نەیکردبێتی ئەوە خۆی سەرپشك بووە کە چی دەکاو چی ناکات، هەر ئەم جۆرە سیفەتەشە کە لایەق بە زاتی خوایە. وە ئەو هیچ شتێکی لەسەر واجب نییە کە بیکات.

**پشکی زانایان بۆ پێشخستنی فەلسەفە**

زانایانی مسوڵمان پشکی ئاشکرایان هەبووە لە بواری فەلسفەو پێشخستنی، چ لە بواری بەهێزکردنی لایەنە درووستەکانی فەلسەفە، چ لە بژارکردنی هەڵەکاندا. هەڵساون بە توێژینەوەو لێکدانەوەی زۆرێك لە لایەنە فەلسەفییەکان، پاشان زیاد کردنی زۆر لایەنی فەلسەفی کە هەڵێنجاوی بیرو هزری زانایانی شارەزا بووە، گرنگترینیان لەوان لە بواری زانستی کەلام و سۆفیگەرێتی و فەلسفەی ئیسلامیی قسەیان کردووە.

بۆیە لێرە مادام قسەمان لەسەر ئەم سێ لایەنە کرد بە زەرووری دەزانم کە دانە بەدانە هەڵوەستەیان لەسەر بکەم، چونکە هەموو ئەو سێ لایەنە دوور یان نزیك کاکەوبرایەلەیەکیان لەگەڵ فەلەسەفەدا هەبووە.

**یەکەم: زانستی کەلام (علم الكلام):**

زانستی کەلام بە تۆبەرەی ئەقلیەتە ئیسلامییەکان دا ئەنرێت، هەروەك "ئیبنووخەلدوون" تاریفی کردووەو دەڵێت: ئەمە زانستێکە کە بیروباوەڕو ئیمان بە بەڵگە ئەقڵییەکان شی دەکاتەوە.

ئەم زانستە لای زۆران بە زانستێکی پاکو بێگەردی مسوڵمانان لێکدەدەنەوە، چون لانی کەم دروستبوونی لە پێناو بەرگری کردن بووە لە بیروباوەڕە ئاینییەکان و تەفسیرکردنیان، یان تەئویلکردنیان بە تەئویلێکی ئەقڵی، ئەویش ئەو کاتەبوو کە گومرایی و زەندەقێتی لەو سەردەمەدا بازاڕی گەرم بوو. بۆیە لە پێناو ئەو زانستەدا چەندین مەزەبی فەلەسەفی گەورە پەیا بوون، مسوڵمانانیش توانیان ڕۆڵی زۆر گەورەو بەرچاوی تیا ببینن لە بواری بوونەوەرو دۆزینەوەی یاسا سرووشتییەکاندا، تا ئەوانی گەیاندە ئەوە کە تێگەیشتنی باش لە بواری بوون و جووڵەکان و ..هتد پەیا بکەن، ئەویش بە پێچەوانەی تێگەیشتنەکانی یۆنان، یان بیرو تێگەیشتنەکانی ئەوروپا و فەیلەسووفەکانیان.

بۆیە گرنگیدانی کەلامییەکان بە بەرنامەکەی خۆیان لە بواری تێڕوانین و ئەقڵەکانەوە، وای لە ڕۆژهەڵاتناسەکان کرد کە وابزانن زانستی کەلام زەمینەی یەکەمە لە بواری بیری فەلسەفی ئیسلامییەوە، وە بەڵگەشە لەسەر ڕەسەنێتی فیکر لای مسوڵمانەکان، بۆیە یەکێ لە ڕۆژهەڵاتناسە فەڕەنسییەکان دەڵێت: (بەڵام بزاڤی فەلسەفەی ڕاستەقینە لە ئیسلامدا پێویستە لە ڕێبازی کەلامییەکان وەربگرێت).

**دووەم: سۆفیگەرێتی:**

سۆفیگەرێتی بە گۆڕەپانێك لە گۆڕەپانی بیری فەلسەفی ئیسلامیی دا ئەنرێت. چونکە هەر چەندە ناوەڕۆکی ئەم قوتابخانەیەش بریتییە لەو ئەزموونە ڕۆحییەی کە سۆفییەکان پێیەوە گیرۆدە ببوون، بەڵام ئەوان هەمیشە فیکریان لەگەڵ واقیع و زانستیان لەگەڵ کردەوە ئاوێتە دەکرد. بەم پێیە فەلسەفەی تەواو؛ گرنگ نادات بەگەڕانی ئەقڵیی و نەزەریی لە سرووشتی بوونەکان بە مەبەستی گەیشتن بە تیۆری میتافیزیکی و تیۆری تێروپڕو موتەکامیل، بەڵکوو فەلسەفەی تەواو؛ لە ژیاندا ئاوێتەی سۆزە بە فیکر، وە ئەقڵە بە دڵ، کە ئامانجی دەرکردنە بە بوونی هەق. بۆیە لێرەوە لە سۆفیگەرێتی پریەتی لە ڕاو و ڕێبازو ڕوانگەکان، کە ئەمەش بە بەرهەمی تەواوی سێ هێزە ئینسانەییەکان دا ئەنرێت کە بریتییە لە ئەقڵ و ویژدان و ڕەوشت.

بۆیە لێرەوە ئەبێ ئاماژە بەوە بدەین کەوا سۆفیگەرێتی ئەبێ بریتی بێ لە جووڵەیەکی ڕێخراو بۆ ئەزموونە ئاینییەکان لە ناخی مرۆڤەکاندا، وە لە ئەنجامی ئەم ئەزموونە لە ناخی ئەو کەسەی کە پەیڕەوی دەکات، ئەبێتە دیاردەیەکی مرۆیی خاوەن سرووشتێکی ڕۆحی کە نە زەمان و نە مەکان ناتوانێ سنوورەکانی بۆ دیار بکات..

**سێیەم: فەلسەفەی پوخت:**

بریتییە لە فەلسەفەی ئەوانەی کە بە فەلسەفەکانی یۆنانی سەرسام بوونەو خۆیان بۆ دیراسەکردن و دەوردانەوەی یەکلاکردۆتەوە و لێکدانەوەیان بۆی کردووەو نووسین و بڵاوکراوەیان لەسەر دەرکردوونە، لەوانە: "کیندی" و "فارابی" و "ئیبنووسینا"و "ئیبنوڕوشد" و "ئیبنوماجە" و "ئیبنو توفەیل" هەموو ئەم کۆمەڵە مسوڵمانانە بوون بە منارەیەکی ڕووناک کە دونیاو شارستانییەتی ڕۆژئاواشیان پێ ڕووناک کردەوە.

کەوابوو بەناوبانگترین فەیلەسووفە ئیسلامییەکان ئەمانە بوون:

(١) کیندی: (ئەبوویووسف یەعقووبی کوڕی ئیسحاقی کیندی کووفی-٢٥٦ک/٨٠٥-٨٧٣ ز) دامەزرێنەری فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامیی بووە، ناسراوبووە بە (فەیلەسووفی عەرەب). زیاتر لە دووسەد کتێب و نووسراوی لە چەندین جۆر زانست لە دوای خۆی جێ هێشتووە، گرنکترینیان لە بواری فەلسەفە کتێبە بەناوبانگەکەی بوو بەناوی (الفلسفة الأولى فيما دون الطبيعيات والتوحيد).

شایەنی باسە "کیندی" یەکەم خشتی دانا بۆ ڕوونکردنەوەی گرفتی (ئازادی ویست) بە ڕوونکردنەوەیەکی فەلسەفی. سەرنجی دا کەوا کردەوەی ڕاستەقینە لە هیچ مەبەست و ویستێك لە دایك نەبووە، بەڵکوو پێی وابووە کە ویستی مرۆکان هێزێکی دەروونین کە خەواتیرەکانی دەبیزوێنن، هەروەك جەختی لە سەر فیکرەی پشتگیرییە چاودێرە خواییەکانیش کرد کە تێکڕای بوونەوەرەکان بە پێی سونەنێکی جیگیر هەڵدەسووڕێنێ.

هەروەها "کیندی" گرنگی زۆری بە بیرکاری و گەردوون داوە، وە کتێبی لەسەر پزیشکی و داودەرمان داناوە، هەروەك قسەی لە سەر جوگرافیاو کیمیاو میکانیك، هەتا مۆسیقاش نووسیوە، بۆیە زۆرێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بە یەکێك لە دوازدەمین کەس حسێبی دەکەن کە نوێنەرایەتی لوتکەی فیکری ئینسانی دەکەن.

(٢) "فاڕابی": (ئەبوونەسڕ کوڕی تەڕحانی فارابی - ٢٥٩-٣٣٩ک/٨٧٢-٩٥٠ز-): بە یەکێك لە گەورەترین فەیلەسووفی ئیسلامی دادەنرێت، بە مامۆستای دووەم لە دوای ئەڕستۆ دادەنرێت لەبەر دیراسەکردنی کتێبەکانی ئەڕستۆو لێکدانەوەی تیۆرییەکانی.

شایەنی باسە لەسەردەستی ئەو؛ فەلسەفەی "ئەرستۆتالیس"ی گەیشتە ئەوپەڕی گەشونما، تا لای ئەوروپییەکان ناوبانگی ئەرستۆتالیسی دەرکرا بە (Alpharabius). لە فەزڵی شەرح و فیکرو

شێوازەکانی توانی کەوا فەلسەفەی یۆنانی لە فیکری ئیسلامیی نزیك بخاتەوە، کە پێشتر لەسەر دەستی "کیندی" ئەمە نەدەزانرا.
لە گرنکترین کتێبەکانی "فارابی" کتێبی (آراء أهل المدينةِ الفاضلة) بوو، کە تێیدا شەرحی سیستەمی ئەوپەڕی کۆمەڵگەی مرۆیی دەکات، وە هەوڵی داوە کەوا هەموو لایەنەکانی ئیسلام ڕاژە بکات و لایەنە ڕۆشنبیرییەکانی عەڕەبی و ئیسلامیی لە ژێر ڕۆشنایی فەلسەفە تایبەتییەکەی خۆی لێکداتەوە، لێکۆڵینەوەی لە زانستی کەلام و بیروباوەڕو فیقهـ و تەشریع کردووە، زۆربەی کتێب و نووسراوەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی لاتینی لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، وە زۆربەی کتێبەکانی لە پاریس لە ساڵی (١٦٣٨)ی زایینی لەچاپ دراون، وە کاریگەرییەکی زۆری فەلەسەفی لەسەر ئەورووپییەکان هەبووە.

(٣) "ئیبنووسینا": (ئەبووعەلی حوسێنی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سینا –٣٧٠-٤٢٨ك/٩٨٠-١٠٣٧ز–) بە شێخی سەرۆك و مامۆستای سێیەم لە دوای ئەرستۆ و فارابی ناوبانگی دەرکردووە، سیفەتی فەیلەسووفییەکەی لە پزیشکێتییەکەی خۆی کەم نەکردووە، وە "سارتۆن" بە گەورەترین زانایانی ئیسلامی حسێب کردووە، وە لە بەناوبانگترین زانایانی جیهانیش ناوی دەرکردووە.
"ئیبنووسینا" لە بواری فەلسەفەوە چەندین کتێب و نووسراوی هەیە کە توانایی و سەلیقەیی ئەم پیاوە نیشان ئەدات لە بواری فەلسەفەوە، هەندێ لە کتێبەکانی وەرگێردراون بۆ سەر زمانی ئەورووپییەکانەوە، یەکێ لە هەرە کتێبە فەلسەفییەکانی بریتییە لە کتێبی (الشفاء)، هەروەها کتێبی (النجاة) کە پوختەی کتێبی (الشفاء)ە، هەروەها کتێبی (الإشارات والتنبيه)، هەروەها پەیامی لەبارەی حیکمەو چەندینی نووسراوی تری هەیە.

(٤) "ئیبنوورۆشد": (ئەبولوەلید موحەمەد کوڕی ئەحمەد کوڕی ڕوشدی قورتوبی ئەندەلوسیی– لە ٥٩٥ك–١١٩٨ی زایینی مردووە). بە یەکێك لەگەورەترین فەیلەسووفی مسوڵمانی ئەندەلووس حسێب دەکرێت، وە بەیەکێك لە گەورەترین ڕاژەکارانی فەلسەفەی "ئەرستۆ" دادەنرێت کە بە (الشارح) ناوی دەرکردبوو، ئەو هات تەعالیمەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتوونی جیا کردەوە، هەروەك بە پاڵەتەکەری گەورە ناوی دەرکردبوو.
ڕۆژئاواییەکان سوودی زۆریان لە فەلسەی "ئیبنوورۆشد" بینیوە، لەبەرامبەر فیکری فەلسەفی ئەورووپی دەرگای زۆر بواری لە موناقەشەو گفتوگۆی کردۆتەوە، لە ناو ئەورووپییەکان ڕێبازو مەزەبەکەی بە (الرشديه) دەرکردووە لە بواری پشتبەستن بە ئەقڵ لە بواری لێکۆڵینەوەکاندا، یەکێ لە نووسراوە گرنگەکانی بریتییە لە کتێبی (فصل المقال فيما بين الحكمة والشريعة من الاتصال) و (مناهج الأدلة في عقائد الملة).
بۆیە دەگونجێ کە شوێنەواری فەلسەفەی ئیسلامیی لە ڕووی بابەتییەوە شوێنەواری زۆری لە ئەورووپا درووست کردبێ، هەتا زانکۆ و کۆلێژەکانی ئەورووپا ئەهمیەتی زۆریان بە فەلسەفەی ئیسلامی داوەو ئەدا، هەر لە ڕوانگەی فەلسەفەی ئیسلامییەوە دەیان لێکۆڵینەوەو دیراساتی بەهێزیان کردووە، یەکێ لەو بوارانەی کە زۆر پشتیان پێی قاییم کردبوو لەوانە لە بوارەکانی نەفس و حەقیقەتەکانی، وە تیۆری

ماریفەت و گرفتی (قِدم العالم) و تیۆری (الفیض) یان (الصدور) و سیفەتەکانی خوای بەرز بڵندو گرفتی عینایەتی ئیلاهی و خێرو شەڕو گرفتی بوون و ماهییەت، یان مومکین و واجب.... هتد.

## هەڵوێستی سەلەف لەمەڕ زانستی کەلام و کەلامییەکان

گەر بەدواداچوونێك بکەین سەبارەت بە هەڵوێستی سەلەف لەمەڕ زەمکردنی زانستی کەلام و کەلامییەکان ئەوە شتی زۆر سەیر دەبینین، لەوانە:

(١) "ئیمام شافعی" (ڕەحمەتی خوای لیّ بێت) دەفەرموێت: ئەگەر بەندە گیرۆدەی تێکڕای تاوانەکان بێت جگە لە شیرك باشترە لەوە کە گیرۆدەی زانستی کەلام ببێت.

هەروەها ئەو پێی وایە کە ئەوانەی کەوتوونەتە داوی زانستی کەلامەوە ئەبێ لێیان بدریّ و تەمێ بکرێن، لەوانە دەڵێت: حوکمی من سەبارەت بە ئەهلی کەلام ئەوەیە کە ئەبێ بە قامچی لێیان بدریّ، وە لەسەر پشتی حوشتر دابنیشێنرێن و بەناو هەموو خەڵکو تیرەو خێڵەکاندا بگێڕدرێن، پاشان بانگ ڕابهێژرێ و بگوترێت ئەمە سزای ئەوکەسەیە کە لەبەر خاتری زانستی کەلام پشتی لە کتێب و سوننەت کردوە؟!!

هەروەها دەڵێت: کتێبەکانی کەلام قەت بەهیچ شێوەیەك ناچنە بازنەی زانستەوە، هەروەك دەیگوت: ئەگەر پیاوێك وەسێت بکات کەوا کتێبەکانی بنووسنەوە، ئەگەر لەو کتێبانە زانستی کەلامی تیا بوو، ئەوە ناکەوێتە جوغزی وەسێتەوە، چونکە بە زانست دانانرێن.
هەروەها "حافز ئیبنوڕەجەب" (ڕەحمەتی خوای لیّ بێت) لە کتێبی (کتابە فضل علم السلف عَلَى علم الخلف) لەبارەی شافعی دەڵێت کە گوتوویەتی: خەڵکی فاسد و بێکەڵك نەکەوتن تەنها ئەو کاتە نەبێت کە وازیان لە زمانی عەڕەبی هێناو شوێن زمانی "ئەرستۆ" کەوتن، مەبەستیشی ئەوەیە کەوا ئوممەتی ئیسلامیی ئەوکاتە فاسد بوون کاتێ کە پشتیان لە بەرنامەی فیتریی خۆیان کرد، زمانی عەڕەبیش زمانی فیترییە، مەنهەجی ئێمەش لە وەرگرتن مەنهەجێکی فیترییە.. بۆیە زمانی قورئان زەمانی عەرەبییە.

ئەم دەستەواژەی ئیمام "شافعی" زۆر سەیرو جیّ تێڕامانە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەوا زانایانی سەلەف لە مەنتیق بێئاگا نەبوونە، نە "شافعی" نە "ئەحمەد" و نە "ئەبوو یوسف"، بەڵکوو ئەوان چاك لە مەنتیق حاڵی ببوون، بەڵام کاتێ تەواو هەقیقەتی مەنتیقیان ناسی و بۆ ڕوونبووەوە پشتیان تێکرد، چونکە دەیانزانی کە ئوممەتی ئیسلامی چ پێویستییەکی پێیان نییە، هەر لەو مەنتیقەوەیە کە "ئیمام شافعی" و غەیرە ئەو ئەم قسەیە دەکەن، ئەوان زۆر وریاییان لە زانا یۆنانییەکان داوە، چونکە دەیانزانی کە ئوممەت بەرەو هەڵدێر دەبات، کە حەیفێ بینیمان کەوا ئەوەی کە زانایانی یۆنان دەیانگوت زۆر بەئاسان کەوتە ناو زاناکانی ئێمەشەوە، هاتن زۆر ئاسان و هەرزان هەڵوێستەکانی ئەوانیان وەرگێڕایە سەر زمانی عەڕەبییەوە، بەتایبەت لەسەردەمی "مەئموون"دا، بۆیە هەر لەم پێوە دانگەوە بوو ئیمامی ئەهلی سوننە "ئیمام

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل" ڕووبەڕووی ئەم هەموو گرفتە بووەوە لەسەردەمی خۆی بەتایبەت لەبارەی هەڵوێستی زانایانی ئەو سەردەمە کە پێیان وابوو قورئان مەخلوقە ! ! زۆرێك لەو گومڕاییانە لەوێ ڕۆژێوە هاتۆتە نێو مسوڵمانانەوە، یەکێ لەو گومڕاییانە تاریفی ئیمانە بەوە کە بنەڕەتی ئیمان بریتییە لە ناسینی دڵەکان و بەس، ئەم گومڕاییەش لە سەرەنجامی گواستنەوە ئەو زانستەی ئەڕسۆو وێنەی ئەڕستۆوە بووە.

هەروەها "ئیمام شافعی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە شیعرێکدا دەڵێت:

العلم ما كَانَ فيه قال حدثنا     وما سوى ذاك وسواس الشياطين

كل العلوم سوى القُرْآن مشغلة     إلا الحديث وإلا الفقه في الدين

واتە: زانست ئەوەیە کە تێیدا گێڕانەوەکانی تیا مسۆگەر بێت (واتە: فوڵان لە فوڵان و فوڵانیش لە فوڵان گێڕاویانەتەوە)، جگە لەوە هەمووی بریتییە لە وەسوەسەکانی شەیتان، هەر زانستێك جگە لە قورئان تەنها خۆ خەریك کردنە، جگە لە فەرموودە یان خۆ شارەزاکردن لە ئایین و بەرنامەی خوا نەبێ.

(٢) "ئیمام ئەحمەد" (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (لای ئەهلی کەلام دامەنیشن ئەگەر سوننەتیان پشتگوێ خستبوو). هەروەها دەیگوت: (خاوەنی کەلام قەت سەرناکەوێت، هەر کەسێك لە زانستی کەلام وردبێتەوە ئەوە دەغەڵی دەکەوێتە دڵەوە !). هەروەها دەڵێت: کەلامییەکان زەندیقن ! !

هەروەها "ئیمام ئەحمەد" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تاریفی ئەهلی سوننەو جەماعە و تاییفەی مەنسوورەدا دەڵێت: ئەگەر ئەهلی سوننەو جەماعەو تاییفەی مەنسوورەو ئەهلی فەرموودە نەبن، وا نازانم کە کەسی تربێت، ئەهلی حەدیسە کە شوێن فەرموودە دەکەوێت...

(٣) "ئیمام بەربەهاری" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: نەکەی کە لەگەڵ ئەهلی کەلام دابنیشیت یا گوێیان لێ بگریت، بەڵکوو شوێن ئەهلی ئەسەر بکەوە، پرسیار لەوان بکە، لەگەڵ ئەوان دابنیشە و لەوان سوود وەربگرە. هەروەها دەڵێت: بزانە: هەر زەندەقەیەك یان کوفرێك یان گومان یا بیدعەیەك یا گومڕاییەك، سەرگەردانییەك بەرامبەر ئەم دینە بەدی بکەیت، ئەوە هۆکارەکەی زانستی کەلامە !

(٤) "حافز ئیبنوورەجەب" (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: چونە ناو باس و خواسی کەلام لەگەڵ کەلامییەکان یان لەگەڵ فەیلەسووفەکان شەڕێکی تەواوە، چون هەرکەس بچێتە نێو شتێ لە زانستی کەلام ئەوە پشکێ لە زیانەکانیی بەردەکەوێ ! !

(٥) لە "ئەبوویووسف" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەگێڕنەوە کەوا بە "بیشری موریسی" گوتووە: زانست پەیاکردن بە کەلام جەهلە، جەهلیش بە کەلام زانستە ! ئەگەر کەسێك بوو بەکەلامیی، ئەوە بۆتە زەندیق !

هەروەها دەڵێت: هەرکەس داوای زانستی کەلام بکات، ئەوە زەندیقە، ئەوەی لە ڕێگەی کیمیاوە بەدوای پارەوەبێ ئەوە موفلیس دەبێ، ئەوەیش بەدوای فەرموودەی غەریبدا بگەڕێ تووشی درۆ دەبێت! یانی ئەوەی کە شوێن فەرموودە شازەکان دەکەوێ.

"ئەبوویوسف" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئیمامێکی بەڕێز بوو وە قوتابی "ئیمام ئەبوو حەنیفە" بوو، کاتێ کە ئەم قسەی دەکرد سەبارەت بە زانستی کەلام و کەلامییەکان، لەسەردەمی خۆیدا زانایان گلەیی زۆریان لێ دەکرد، چونکە ئەو بە ئەهلی (رأي) ناسرابوو، کە دەشڵێن: ئەهلی ڕەئی مەبەست پێ ئیمام حەنەفی و هەموو ئەوانەیە کە لەسەر نەهجی ئەو بوون، ئەویش لەبەر بوونی زۆری ڕافیقهییەکان لە نەهجی ئیمام ئەبوو حەنیفەدا، دەی ئەم ئیمامە بەڕێزە کە لەگەڵ ئەوە پشتگیری لە ئەهلی ڕەئی دەکرد لای زانایانی سەردەمی خۆی ڕووبەڕووی ئەوهەموو گلەو ڕەخنەیە ببووەوە، ئەمەش ڕای بێت سەبارەت بە ئەهلی کەلام، ئەبێ ئەوانی تر کە تەواو لە ئەسڵ و فەرعدا دەستیان بە قورئان و سوننەتەوە گرتبوو ئەبێ چییان سەبارەت بە کەلام و کەلامییەکان گوتبێ!!

هەروەها دەبینین کە زۆرێك لە زانایان هەمان قسەی "ئەبوویوسف" دەکەنەوە سەبارەت بە کەلام و کەلامییەکان، لەوانە (ڕازی و جوێنی و ئەبووحامدی غەزالی) و غەیرە ئەوان.

(٦) ئیبن ئەبیلعیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە شەرحی ئیمام تەحاویدا دەڵێت: زانایانی فیقهی حەنەفی لە فەتواکانیان دەڵێن: زانایانی کەلام ناچنە گەر کاروانی زانایانەوە، چونکە کەلامییەکان تەنها خۆیان بە جەدەل و گفتوگۆو مەنتیق ماتەڵ دەکەن، بۆیە کتێبەکانیشیان ناچێتە باوەنەی زانستەوە، ئەگەر پیاوێك گوتی: کتێبەکانی من هەمووی وەقف بێ بۆ کتێبخانەی حەرەم، ئەوە سەرنجیان ئەدەینێ ئەگەر کتێبەکان بریتی بوون لە فیقهـ و ئوسوڵ و زاراوەکان .. ئەوە دەیخەینە نێو کتێبخانەکەوە، ئەگەریش بریتی بێت لە بەڕتووکی جاهلی و فەلسەفەو.. هتد ئەوە فڕێیان ئەدەین و ڕازی نابین، کەوابوو کەلامییەکان ناچنە ڕێزی زانایانەوەو، هەروەك کتێبەکانیشیان ناچێتە نێو ڕێزی پەڕتووکەکانی زانستەوە..!

**هۆکاری زەمکردنی زانستی کەلام و خاوەنەکانییان لای سەلەف:**

هۆکارەکان زۆرن لەوانە:

١. کەلامییەکان بەبێ زانست قسە لەسەر خوا دەکەن، خەڵکی بەقسەکانیان گرفتار و گێرۆدە دەکەن، چون قسەکانیان لەسەر باس و خواسی شتە درۆکانە، سەرەتای قسەکانیان بوختان کردنە بەدەم خوا و بە دەم کتێب و پێغەمبەر و دینەکەیەوە!

٢. زەمکردنییان لە لایەن سەلەفەوە لە ترسی فیتنەبووە، چونکە لای سەلەف وابووە کە کتێب و سوننەت سەرچاوەی هەموو شتێکن، وە بەسن بۆ هۆکاری دەستگیربوون لەو بیروباوەڕە ساغ و درووستەی کە

خەڵکی هەمیشە پێویستیان پێیەتی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا وە بۆ ڕەواندنەوە ئەو هەموو شەك و گومانەی کە هەمیشە دەبردرێت بۆ بیروباوەڕی ساغ و درووستی ئەم دینەوە.

٣. زانستی کەلام خەڵکی بەرو گومان سەرگەردانی ئەبات، بۆیە "ئەبووحامدی غەزالی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ( زۆربەی ئەوانەی کە گومانیان لەبارەی مردنەوە هەیە کەلامییەکانن! !).

٤. کەلامییەکان لە بواری بابەتە ئەقیدەییەکانەوە موخالیفی بەرنامەی خۆیشیانن کە کتێب سوننەتە، ئەوان باسەکانیان لە بازنەیەکی فەلسەفیی و جەدەلێکی ڕووتەوە دەردەبڕن! !

٥. زانستی کەلام هۆکاری دابڕدبڕبوون و لەیەکترازانی ئوممەتە، بۆیە دەبینین کەوا کەلامییەکان لەهەموو کەس زێتر کەوتوونەتە خیلاف و ناکۆکییەکانەوە!

٦. کەلامییەکان لە لیکۆڵینەوەو کتێب و نوسراوەکانیانەوە تەمەنی خۆیان تەواو لە بەین بردووە لە قسەکردن لەسەر پەروەردگارێتی پەروەردگار و بەڵگەی سەلماندنی پەروەردگارێتی، لەکاتێکدا کە مەسەلەی پەروەردگارێتی شتێکی فیتڕییە! هەتا بێباوەڕانی ئەوێ ڕۆژێش لە موشریکەکان باوەڕیان بە پەروەردگارێتی خوا هەبوو، لەبەرامبەر ئەوە بێئگاو غافل بوونە لە ئاست بەندایەتی خوا کە بنەمای بانگەوازی پێغەمبەران بووە.

٧. لە هۆکارێکی تری ئەوە کە بۆ ئەوەندە ڕقیان لە ئەهلی کەلام بووە، چونکە زۆرێك لە ئەهلی کەلام لەبەر کەمی وەرەع و لاوازی خۆگرتن بە شەرعی خوا، تووشی زۆر کاری حەرام بوونەتەوە، هەروەك زۆرێك لەوان بە ئارەق خۆرو تەمەڵ لە نوێژ و زینا و درۆو تۆمەت و تانەیان لە هاوەڵانی پێغەمبەر هەبووە! ! تاگەیشتووە بە دەستبەرداربوونی تەواو بە دینەکەیانەوە، هەتا زۆرێك لەوان تەواو لە دینی خوا؛ تاڵ لە هەموو شت بەتاڵ بوونەتەوەو هەڵگەڕاونەتەوە! ! (خوا پەنامان بدات)

**سەرنج:**
لێرەدا پێویستە بزانین کەوا چوار ئاگاداری هەیە لەبارەی زەمکردنی ئەهلی کەلام لای سەلەفی ساڵحمان، کە مەبەستی ئەوان ئاشکرا دەکات لە زەمکردنی ئەهلی کەلامدا:
**ئاگادار یەکەم:** سەلەف کە زەمی کەلام و ئەهلی کەلام دەکەن، ئەبینین کە زەمی توخمی کەلامەکەیان نەکردووە، چونکە هەموو کەسێك کەلامی هەیەو قسە دەکات، هەروەها زەمی بەڵگەو تێڕوانین و گفتوگۆشیان نەکردووە، چونکە ئەمانەش خوا و پێغەمبەر خۆیان فەرمانیان بە بەندەکان کردووە، وە زەمی

قسەیەکیان نەکردووە کە هەق بێت، بەڵکوو ئەوان زەمی قسەی ناهەقیان کردووە کە موخالیف بووبێت بە کتێب و سوننەت و ئەقڵ، بۆیە زاراوەی کەلام لای سەلەف مەبەستیان پێ قسەی ناهەق بووە.

"شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (سەلەف زەمی ئەهلی کەلامیان کردووە چونکە ئەهلی کەلام ئەهلی شوبوهات و هەواو ئارەزووەکانن، بەڵکوو زەمی ئەو کەلامیانەیان نەکردووە کە خاوەن قسەی هەق وبەجێ بوونە، کە بەڵگەکانیان بۆ ناسینی خوا بووبێت.

**ئاگاداری دووەم:** سەلەف زەمی ئەهلی کەلامیان نەکردووە ئەگەر قسەیەکیان کردبێت کە ماناکەی درووست و ساغ بووبێت.

**ئاگادار سێیەم:** هەموو ئەهلی کەلام یەك جۆر نین تا هەرهەموو تێکڕا بدرێنە بەر نەشتەری ڕەخنەو گلەییەکانەوە، بەڵکوو ئەوانیش پلەیان هەیە، هەندێکیان لەهەندێکیان زێتر لە سوننەت نیزکن، هەندێکیان هەن زانستی کەلامیان کرۆدتە مەنهەج و بەرنامەی خۆیان! بەم پێیە دژی کتێب سوننەت ڕێیان کردووەو بە ڕێدا ڕۆیشتوون.

**ئاگاداری چوارەم:** سەلەف کە زەمی ئەوانیان کردووە، چونکە ناچار بوونە هەندێ جار بۆ ڕەواندنەوەی شوبوهاتەکانی زەندیق و کافر و بیدعەکارەکان ئەوانەی کە تانە لە ئیسلام و سوننەت دەگرن ڕوو لەوە بکەن کە زەمی زانستی کەلام و ئەهلەکەی بکەن.

بۆیە "ئیمامی دارەمی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: هەرکەس مونازەرەی ئیلحاد و ئەهلی بیدەع نەکات تا پشتیان بشکێنێ ئەوە نەیتوانیوە کە هەقی ئیسلام بدات، وە نەیتوانیوە بە زانست و ئیمان بە وەفا بێت، وە بە قسەکانی نەیتوانیوە کە شیفای دڵەکان بدات، یان تەقوا لەدڵەکاندا جێگیر بکات یان قسەکانی عیلم و یەقین ببەخشێ.

بۆیە لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەوا سەلەفی سالحمان زۆرجاران کە باسیان لە خراپەی زانستی کەلام و ئەهلەکەی کردووە چونکە خۆیان بە ناچار بینییوە کە بۆ بەرگری کردن لە ئیسلامی درووست قسە لەسەر قسەکانی ئەوان بکەن، بۆیە سوورترین کەس بۆ بەرگری کردن لە سوننەت و دژایەتی کردنی بیدعە سوارچاکی مەیدانی سوننەت "شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" بووە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

لەخوای گەورە داواکارم کە لەداوی ئەقڵی بێئەقڵان.. لە حەزو نەفسی نەفسپەرستان.. لە فەیلەسووفی موفلیسان.. لە کەلامی بێکەڵکی کەلامیەکان لە داوو تەڵەکەی شەیتان بمانپارێزێ و زیاتر قورئان و سوننەتمان لا شیرین بکات و لە گەڵ پێغەمبەرو یارو یارانی لە بەهەشتی بەرین حەشرمان بکات. (ئامین)

سبحانك الله و بحمدك ونستغفرك ونتوب اليك

سەرچاوەکان:

(١) حكم دراسة الفلسفة: موقع الإسلام سؤال وجواب

(٢) الفلسفة.... أسباب النشأة وأهم المدارس : د. راغب السرجاني

(٣) الفلسفة اليونانية قبل سقراط : د. راغب السرجاني

(٤) الله والمثل عند أفلاطون : د. راغب السرجاني

(٥) الله عند ارسطو : د. راغب السرجاني

(٦) الفلسفة اليونانية قبل سقراط : د. راغب السرجاني

(٧) المدرسة الأفلاطونية الحديثة : د. راغب السرجاني

(٨) إسهامات علماء المسلمين في تطوير الفلسفة: د. راغب السرجاني

(٩) موقف السلف في علم الكلام

(١٠) موقف السلف من علم الكلام : د. سفر الحوالي